# أثر الحروب الصليبية على المناطق الدينية والاجتماعية في سوريا (٤٩٠-٦٧١ م / ١٠٩٦-١٢٩١ م)

م.م.رسول مصطفى محمد
rasul.mustafa@uor.edu.krd

أ.د.أحمد رضا أحمد
ahmed.meju@uor.edu.krd

قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين، رانيا، إقليم كردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية**: شعارات الصليب، مسلم، مسيحي، حرب، ضحايا، أثر

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , رسول مصطفى , أحمد , أحمد رضا , أثر الحروب الصليبية على المناطق الدينية والاجتماعية في سوريا (٤٩٠-٦٧١ م / ١٠٩٦-١٢٩١ م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The influence of the Crusaders on the Levant in Religious and Social Fields (490 -671 AD/1096-1291 AD)

**Rasul Mustafa Mohammed**
**Ahmed Rahda Ahmed**
**Department of History, College of Humanities, Raperin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.**

**Keywords** : Cross slogans, Muslim, Christianity, fight, casualties, influence

**How To Cite This Article**
Mohammed ,Rasul Mustafa , Ahmed ,Ahmed Rahda , The influence of the Crusaders on the Levant in Religious and Social Fields (490 -671 AD/1096-1291 AD),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
The Crusades were the slogan of the military attacks that Christian Europeans launched against Muslims in the East (Egypt, Syria, Palestine, ...) in the Middle Ages at the instigation of Pope Urban II between the years (671-476 AD / 1096-1291 AD). It lasted 200) years, and historians generally identify them with eight main attacks, the main motivation being religious.

In general, the crusades were carried out on the orders of the pope and Christian clerics, and the slogans were religious, such as the symbol of the cross They belonged to the church, to the hospital of St. John the Baptist, and to the cavalry of Tithon.

Initially, the Crusaders succeeded in their attacks and established several cities and regions, and established several Crusaders such as Bet al-Fit, Tripoli, Antakya and Ruha. They liberated most of the areas from

the Crusaders, including Jerusalem, in 1291 AD during the reign of the MamluksSave 'Akka from their hands.

The Crusades caused great loss of life and property, a large number of Christians and Muslims were killed and injured, many mosques and religious centers were destroyed and turned into churches and temples, Muslims were oppressed and displaced from their areas.

There were not all wars, but also agreements and ceasefires between them, such as the time of Saladin and Richard, King Kamil and Emperor Frederick II, etc., there was cultural and civilizational exchange.

ملخص

الحروب الصليبية هي شعار الهجمات العسكرية التي شنها المسيحيون الأوروبيون في العصور الوسطى ضد المسلمين في الشرق (مصر، سوريا، ...)، بتحريض من البابا أوربان الثاني بين عامي (٦٧١-٤٧٦ م / ١٠٩٦-١٢٩١ م). وكان الدافع الرئيسي دينيًا.

بشكل عام، نُفذت الحروب الصليبية بأوامر من البابا ورجال الدين المسيحيين، وكانت الشعارات دينية، مثل رمز الصليب. كانوا ينتمون إلى مستشفى القديس يوحنا المعمدان، وكذلك إلى سلاح فرسان تيثون.

في البداية، حقق الصليبيون نجاحًا في هجماتهم، إذ تمكنوا من الاستيلاء على العديد من المدن والمناطق، وأسسوا عدة إمارات صليبية مثل (القدس، طرابلس، أنطاكية، والروحا). استطاع الدين الأيوبي تحرير معظم المناطق من الصليبيين، بما في ذلك القدس، ثم في عام ١٢٩١م، خلال عهد المماليك، تمكنوا من تحرير آخر معاقلهم (عكا).

تسببت الحروب الصليبية في خسائر فادحة في الأرواح والممتلكات، حيث قُتل وجُرح عدد كبير من المسيحيين والمسلمين، ودُمرت العديد من المساجد والمراكز الدينية وحُوّلت إلى كنائس وأضرحة، وتعرض المسلمون للاضطهاد والتهجير من مناطقهم.

لم تقتصر الحروب على الحروب فقط، بل شملت أيضًا اتفاقيات وهدنات، كما حدث في عهد صلاح الدين الأيوبي وريتشارد، والملك كامل بن عبد العزيز والإمبراطور فريدريك الثاني، وغيرهم، وشهد ذلك تبادلًا ثقافيًا وحضاريًا.

# كاریگەری شەڕی خاچ دروشمی لەسەر ناوچەکانی شام لەبواری ئایینی وکۆمەڵایەتی (٤٩٠-٦٧١ک/١٠٩٦-١٢٩١م)

م.ی. رسول مصطفی محمد
rasul.mustafa@uor.edu.krd
پ.د. احمد رضا احمد
ahmed.meju@uor.edu.krd
بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕا نیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

جەنگی خاچ دروشمی بەو هێرشە سەربازیانە دەگوترێت کە ئەوروپیە مەسیحیەکان لەسەدەکانی ناوەڕاست کردیانە سەر موسڵمانان لە خۆرهەڵات(میسر، شام،...)، بە هاندانی پاپا ئوربانی دووەم لەماوەی نێوان ساڵانی (476-671ک /١٠٩٦- ١٢٩١ ز)، ماوەی نزیکەی (٢٠٠) ساڵی خایاند، بە گشتی مێژوو نوسان بە هەشت هێرشی سەرەکی دیاریان دەکەن، پاڵنەری سەرەکی ئاینی بوو.

بەگشتی هێرشەکانی خاچ دروشمان بۆ سەر موسڵمانەکان بە فەرمانی خودی پاپا و پیاوانی ئاینی مەسیحی ئەنجام دەدرا و دروشمەکانیش ئاینی بوون وەک(هێمای خاچ)، ئەمە جگە لەوەی چەندین یەکەی سەربازی ئاینی مەسیحی لە کاتی ئەم هێرشانە دروسبوون ڕاستەوخۆ لە هێرشەکاندا بەژدار بوون، وەك سوارەکانی پەرستگا (الداوية) کە سەر بەکڵێسا بوون، هەروەها دەستەی (ئیسبتاری) سەربە نەخۆشخانەی (قەشە یوحەننا مەقدیس)بوون، هەروەها سوارەکانی (تیتۆن ).

سەرەتا خاچ دروشمەکان سەرکەوتووبوون لەهێرشەکانیدا، توانیان دەست بەسەر چەند شارو ناوچەیەکدا بگرن، و چەند میرنشینێکی خاچ دروشمیان دامەزراند وەک(بیت المقدس، تەرابلوس، ئەنتاکیە و روها) فەرمانڕەواییان دەکرد، موسڵمانەکان لەسەرەتادا بەهۆی پەرتەوازەییان نەیانتوانی بەر بەم شاڵاوانە بگرن، بەڵام دواتر لەسەردەمی سوڵتان صلاح الدین الایوبی توانیان زۆربەی ناوچەکان لەدەست خاچ دروشمەکان ڕزگاربکەنەوە بەشاری قودسیشەوە، پاشان لەساڵی(١٢٩١ز) لەسەردەمی مەمالیکەکان توانیان دوا شوێنیان (عەککا) لەدەستیان ڕزگاربکەنەوە .

شاڵاوەکانی خاچ دروشمەکان زیانی گەورەی گیانی و مادیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر مەسیحی و موسڵمان کوژران و بریندابوون، چەندین مزگەوت و ناوەندی ئاینی ڕوخێندران و کران بە کەنیسە و کڵێسا و دێر، موسڵمانان دەچەوسێندرانەوە و ئاوارەبوون لە ناوچەکانیان.

ئەو ماوەیە هەموو شەڕ نەبوو، بەڵکو ڕێکەوتن و ئاگربەستیش لە نێوانیاندا هەبووە، وەك سەردەمی صلاح الدین و ریچارد، مەلیك كامیل و ئیمپراتۆر فدریکی دووەم ...هتد ، ئاڵوگۆڕی کلتوری و شارستانی هەبوو.

**کلیلی وشەکان:** خاچ دروشمەکان، موسڵمان، مەسیحی، جەنگ، زیانی گیانی، کاریگەری.

## پێشەکی

جەنگە خاچپەرستەکان بریتی بوون لە هێرشە سەربازییانەی لەلایەن ئەورووپای ڕۆژئاوا لە نێوان سەدەی(١١-١٣) زایینی خایاند، بە ئامانجی داگیرکردنی قودس و فراوانکردنی کاریگەرییەکانی کەنیسە، لە هێرشەکانی سەرەتادا خاچ دروشمەکانەکان سەرکەوتووبوون دەستیانگرت بەسەر

چەند شارو ناوچەیەك لەسەر سنورەكانی میسر و شام و چەند میرنشینێكی خاچ دروشمەكانان دامەزراند و فەرمانرەواییانكرد، بەڵام دواتر موسڵمانەكان توانیان بەسەریاندا سەركەوتووبن و زۆربەی ناوچەكانیان لێوەربگرنەوە، پاڵنەری سەرەكی و دروشمی ئەم هێرشە خاچ دروشمەكانانە ئاینی بوو، ئەگەر چی پاڵنەری ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد، هاندەر بوون بۆ ئەم هێرشانە، شاڵاوەكانی خاچ دروشمەكان زیانی زۆری گیانی و مادی و ژیاری هەبوو، لە هەردوو بەرە ژمارەیەكی زۆر خەڵكی كوژران و بریندار‌بوون و موسڵمان لە شوێنەكانی خۆیان ئاوارەو دەربەدەر بوون، وە چەندین مزگەوت و دامەزراوەی ئاینی ئیسلامی ڕوخێندران و تێكدران یان كران بە كڵێسا، هەروەها بە پێچەوانەوە .

لە پێكهاتەی سوپای خاچ دروشمەكان و هێرشەكانی دواتردا دەردەكەوێت كە هێرشەكانی خاچ دروشمەكان تەنها بۆ مەبەست و مەرامی ئاینی نەبووە، بەڵكو چەندین هۆكاری تری وەك ئابوری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد، لەپشت هێرشەكانەوە بووە تەنانەت هێرشی چوارەم بۆسەر ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی مەسیحی بوو تاڵانیان كرد و ئیمپراتۆریەتی لاتینیان دامەزراند بۆ ماوەی نزیكەی (٦٠) ساڵ بەردەوام بوو، وە خاچ دروشمەكانەكان لە نێوان خۆشیاندا لە ململانێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەكانیان، وە بارو دۆخی موسڵمانان لەسەرەتادا بەهۆی پەرتەوازەییان نەیانتوانی ناوچەكانیان بپارێزن لەم هێرشانە بەهۆی هەبوونی چەندین هێزی لاوازی پارچە پارچە، تاوەكو هێزەكانیان یەكخست، دەركەوتنی سەركردەی بە توانا سوڵتان صلاح الدين الايوبي، توانی بەسەر خاچ دروشمەكانەكاندا سەربكەوێت و قودس ئازاد بكات بیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان .

ئەوەی بابەتی ئێمەیە باسكردنی هێرشەكانی خاچ دروشمەكان و كاریگەریان لەسەر لایەنی ئاینییە، بێگومان كاریگەری گەورەی لەسەر خودی خاچ دروشمەكان و پاشان موسڵمانانیش هەبووە، چونكە هێرشەكان گەورەبوون، بۆیە كاریگەری گەورەشیان هەبوو لەسەر جیهانی مەسیحیەت و ئیسلامیش، جگە لە زیانە گیانیەكان چەندین مەسیحی و موسڵمان كوژران، لە هێرشەكانی سەرەتادا موسڵمانەكان لە ناوچەكانی قودس و شام دەربەدەربوون، ئەوروپیەكان لەم قۆناغەدا زۆر لە دواكەوتوویی و لە ژێر هەژموونی پیاوانی ئاینی مەسیحی و كڵێسای كاثۆلیكی دابوون كە خاوەنی دەسەڵاتی دینی و دنیایی بوون .

**ئامانجی توێژینەوە:**

بێگومان جەنگی خاچ دروشمی بابەتێكی گرنگ و هەستیارەو بەردەوامی هەیە، ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیە تیشك خستنەسەر كاریگەری جەنگی خاچ دروشمیە لەسەر قودس لەبواری ئاینی و كۆمەڵایەتی، ئەو لێكەوتانەی لە ئەنجامی هێرشەكان دروستبوون كاریگەری گەورەی بەجێهێشت
.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم/ چەمك و پێناسە و هۆكارەكانی ئەنجامدانی هێرشەكانی خاچ دروشمی، تەوەرەی دووەم/ هێرشەكانی خاچ دروشمی و كاریگەری لەسەر ئاینی و كۆمەڵایەتی، تەوەرەی سێیەم/ بەكورتی چەند كاریگەریەكی تری هێرشەكانی خاچ دروشمی لەسەر لایەنی ئاینی و كۆمەڵایەتی لەسەر هەردوو لا باس دەكەین.

**شیكردنەوەی سەرچاوەكان:**

لەم لێكۆلێكۆڵینەوەیەدا سودمان لە كۆمەلێك سەرچاوە بە زمانی عەرەبی و كوردی وەرگرتووە، لە گرینگترینیان القران الكريم و فەرموودە، كتيي( ذيل تاريخ دمشق)ی ابن


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

القلانسي(ت٥٥٥هـ|١١٦٠-م)، خۆی لەو ناوچانە ژیاوە و شاهێد حاڵی ڕوداوەکان بووە کتێبی (الاعتبار)ی اسامة بن منقذ(ت:٥٨٤هـ\١١٨٨م) لەسەردەمی هێرشەکانی خاچ دروشمان ژیاوەو بەژداری ڕوداوەکانی کردووە، کتێبی (تاريخ الحملة الي قدس)ی فوشيه الشارتري(ت:٥٢١هـ/١١٢٧م) نوسەرێکی مەسیحی هاوسەردەمی ڕوداوەکان بووە خۆی لەناو ڕوداوەکان ژیاوە و زانیاری گرنگی باسکردووە، کتێبی(الكامل في التاريخ)ی ابن الاثير(ت:٦٣٠هـ\١٢٣٢م) هاوسەردەمی ڕوداوەکان بووە، کتێبی(الخطط)ی المقريزي(ت:٨٤٥هـ|١٤٤١م)، هەروەها کتێبی(العلاقات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبية)ی زكي النقاش، کتيبي( تاريخ لبنان منذ العصور التاريخية عصرنا حاضر)ی فليب حتي، وە کتێبی(ماهية الحروب الصليبية)ی قاسم عبده قاسم ، کتێبی (الحياه الثقافيه في دياربكر في العصر العباسی)ی اكو برهان محمد، کتێبی (الدوله الايیوبيه وفق نظريه الدوله لابن خلدون)ی حكيم عبدالرحمن البابيری، (الحركه الصليبيه –صفحه مشرقه من تاريخ الجهاد العربي في العصور الوسطى)ی سعيد عبدالفتاح عاشور ، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر .

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم بابەتە لەوەدایە کە ڕیشەی ئەم ململانێیە لە کۆندا وە لە ئێستا و داهاتووش بەردەوام دەبێت، هەر جارەی لە ژێر پاساو و ناوێکدا، کاریگەری نەرێنی و ئەرێنی هەبووە، لە زۆربەی لایەنەکان لەسەر ئەوروپا و موسڵمانانیش، وەک ئەو ڕووداوانەی ئێستا ڕوودەدەن لە قودس و ناوچەکەدا.

**پرسی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە باسی کاریگەریەکانی هێرشەکانی خاچ دروشمی دەکەین لە سەر لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی، بێگومان جەنگی خاچ دروشمی کاریگەری دوو لایەنەی هەبووە، لەسەر موسلمانان و خاچ دروشمان، ئەو ڕووداوانە نزیکەی (٩)سەدە پێش ئێستا ڕوویاندا ئێستاش هەمان ڕووداو بەردەوامیان هەیە.

**تەوەرەی یەکەم/ چەمك و پێناسە و هۆکارەکانی ئەنجامدانی هێرشەکانی خاچ دروشمی**

**یەکەم/ چەمك و پێناسەی خاچ دروشمی**

لەسەرەتادا لە ئەوروپا هیچ وشەیەکی لاتینی نەبوو بە مانای (هێرشی خاچ دروشمەکان) هاتبێت، بە جۆرێك لەسەرەتادا هەرکەسێك بەشداری هێرشی خاچ دروشمەکان کردبوو بە شێوەیەك باسیان دەکردن ئەوانە حاجین ( preregrini )لەزۆرجاردا دەربڕینی جۆراوجۆریەتی ترو چەمکیتر بەکاردەهات وەك: وشەی (preregrinatio ) بەمانای گەشتی حەج دەهات، ئەو وشەیە لەسەرەتای هێرشی خاچ دروشمەکان بڵاوبۆوە، یان گەشتێك بۆ زەوی پیرۆز دەهات ( enter in terramanctmy ) چەمکی جەنگی پیرۆز (الحروب المقدسة) دەهات (bellum sacrum )، یان هێرشی گشتی بوو (الحملة العامة) ( passagimgral ) یان ( expeditio curcis)، هەروەها وشەی ئینگلیزی ( crusade ) وشەی ئەڵمانی (kreuzzage )، لە زمانی ئیسپانی دا بە (cruzada) هاتووە، تەنها لە سەدەی یازدەی کۆچی/ هەژدەی زاینی بەکار هاتووە ئەوانەی کە بەشداری شاڵاوی خاچ دروشمەکانان دەکرد(نەخش) یان هێمای خاچ دروشمەکانان لەسەر قوماشی سەر سنگیان دەنەخشاند (قاسم، ١٩٩٣، ١٤)، (عمران، ١٩٩٩، ١٧)، (الحيدري، ٢٠١٠، ٢٨-٢٩).

ئەم چەمکەش لەناو موسڵمانەکان ناوی جەنگی فەرەنج یان هێرشی خاچ هەڵگرانیان بۆ بەکاردەهێنا (القلقشندي، ١٩٨٧، ٣٨٩)، (الحيدري، ٢٠١٠، ٤٦).

اسامة كورى منقذ لەساڵی(475-584ک/١٠٩٥-١١٨٨ز)خۆی هاوسەردەمی شاڵاوەکانی خاچ دروشمەکان بووە دەڵێت: پاپا ئوربانی دووەم له کۆبووونەوەی ( کلیرمۆنت ) لەفەرەنسا بڕیاری جەنگی دا له دژی موسڵمانان له ڕۆژهەڵات ئەنجامی بانگەوازەکەی هێرشەکانی خاچ دروشمی بوو له(٢٧ جمادی الثانی ٤٨٨ك| ٤ تەموزی ١٠٩٥ز)، زیاتر له دوو سەدەی خایاند (منقذ، بلا تاريخ، ٩)، جەنگی خاچ دروشمی بەو هێرشانە دەگوترێت: ئەوروپا بەناوی ئاینی مەسیحیەوە کردیانە سەر موسڵمانان له خۆرهەڵات، له کۆبوونەوەی دێری کلۆنی پاپا ئوربانی دووەم بڕیاری جەنگی له دژی موسڵمانان دەرکرد، و هانی گەلانی ئەورووپیدا بە ناوی جەنگی پیرۆز لەساڵی(٤٨٩ك\ ١٠٩٦ز)، (المطوى، ١٩٨٢، 34 ).

زکی النقاش بەو جۆرە پێناسەی ئەم جەنگە دەکات و دەڵێت: سەرەڕای جیاوازی بۆ چوون لەنێوان خەڵکی لەسەر ئەم جەنگە کە بە (الحروب الصليبيه) ناسراوە بەڵام له ناوەڕۆکدا جەنگێکی ئاینی تەواوە، لەبەرئەوەی پاپا ئوربانی دووەم بانگەوازی بۆ ئەم جەنگە کرد و وەڵامی بانگەوازەکەی پاپا درایەوە لەلایەن گەلانی ئەوروپی لەوانیش جەرمانەکان و باکوریەکان و فەرەنجەکان و ئیتاڵیەکان و هتد...ئەمەش بەهۆی بوونی قودسی پیرۆز و بوونی گۆڕی مەسیح (قبر المسيح) سەلامی خودای لەسەر بێت هەروەها زەویە پیرۆزەکان له سوریاو فەلەستین و ڕێگای حاجیان بەو ناوچانەدا له خۆرئاواوە بۆ جێ بەجێ کردنی مەراسیمی ئاینی له ڕواڵەتدا بۆ ئەم مەبەستانە بوو، بەڵام له ڕاستیدا کارێکی زۆر وەحشیگەرانەیان لەم ناوچانەدا ئەنجامداو خەڵکێکی زۆریان لەم ناوچانەدا کوشت بە بێ بەزەیی (النقاش، ١٩٥٨، ٩). .

ئەگەر سەیری چەمك و شاڵاوەکانی خاچ دروشمی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە خودی ناو و مانای هەموو چەمکەکان گوزارشتێکی ئاینیە (الحروب الصليبية)و پیاوانی ئاینی مەسیحی پاڵنەرو هۆکاری ئەم هێرشانەن بانگەوازیان کرد بۆ هێرشکردنەسەر موسڵمانان له خۆرهەڵات.

**دووەم: هۆکارەکانی ئەنجامدانی هێرشەکانی خاچ دروشمی**

دەوڵەتی سەلجوقی کۆتاییان بە بوەیهیەکان هێنا کە دەسەڵاتیان بەسەر خەلافەتی عەبباسی داگرتبوو، پاشان ڕوویان کردە لەناوبردنی دەسەڵاتی عوبەیدە اسماعیلیەکان(فاتمیەکان) لەمیسر و شام، توانیان ناوچەکانی شامیان لێ پاکبکەنەوەو بەرەو میسر دەریانکردن دەیانەویست لەناویان ببەن، پاشان ساڵی (٤٦٤ کۆچی/ ١٠٧٠م) کە تیایدا تورکە سەلجوقییەکان له شەڕی گەورەی بەناوبانگی مەنازگرد شکستێکی ترسناکیان بەسەر سوپای بیزەنتی بەسەرۆکایەتی ئیمپراتۆر ڕۆمانۆسی چوارەم هێنا، سەلجوقیەکان ڕوبانکردە بێزەنتیەکانی قوستەنتینیە لەئاسیای بچوك(تورکیای ئێستا) سەنگەر نشین بوون دەستیانگرت بەسەر شاری (نیقیه)ی کەناراوی دەریای مەرمەڕە (٥٠کم) دوورە له مەرمەڕەوە و بەرامبەر شاری قوستەنتینیەدا لەوێ سەنگەریانگرت، ئەم کارە بێزەنتیەکانی ترساند، هەر بۆیە پەنای بردە لای پاپای کاثۆلیك تا بە فریای بێت ڕزگاری بکات، بۆ ئەمەش پیرۆزیە نوسرانیەکانی وڵاتی موسڵمانان و خێرو سامانی زۆری وڵاتی موسڵمانانیان بۆ پاپا خستە بەرچاو(الحويري، ١٩٩٢، ١٠؛ ابن الأثير, ١٩٩٤، ٨/؛ الحريري، ١٩٨٥، ٢١؛ برون, 2009، 236-237؛ العفيفي، ٢٠٠٠، ٥٠٨)،.

لەسەروبەندی هاتنی جەنگی خاچپەرستی یەکەم بۆ شام له کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی/سەدەی یازدەی زاینیداوبارودۆخی سیاسی موسڵمانان لاوازی و دابەشبوون و پارچەپارچە و ململانێ و شەڕو ناکۆکی کە وایکرد ڕۆژئاوای ئەوروپا تەماحی خاکەکانیان بکات (الحويري، ١٩٩٢، ١٠؛ التقوش, 2009، 223), لەلایەکی تر کاتێك له شام جەنگی نێوان سەلجوقی و فاتمیەکان ڕوویدا، زۆرێك له مەسیحیە ئەورووپیە حاجیەکانی شوێنە پیرۆزەکانی وڵاتی شام


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ڕووبەڕووی ڕفاندن و گرتن و کوشتن بوونەوە، بە تایبەتی کە لەو ماوەیەدا حەجیان زیادی کردبوو، ئەمە وای لە بوترۆس ناسکی ڕوهبانی فەرەنسیەکان کرد کە لەو حەجەدا بەشدار بوو تا ڕق لە موسڵمانان کە دەستگرتنیان بەسەر (البيت المقدس) دا گرتبوو هەڵبگرێت (وفاء شابو، أميرة بوزهير، ٢٠٢٣، ١٥)، بۆیە کاتێك گەڕایەوە بۆ ئەوروپا کەوتە هاندانی خەڵك بۆ جەنگی دژی موسڵمانان، پاشان چوو بۆلای پاشایانی ئەوروپا و پاپا ئوربانی دووەم و هانیدا، پاپاش دڵخۆش بوو هانی دا تا لەو بانگەوازەی بەردەوام بێت، ئەمە جگە لە خراپی باری ئابووری ناو ئەوروپا یارمەتی دەر بوو، چونکە ئەو برسێتی و هەژاریەی توشیان ببوو، سەرکردەکانی ئەوروپا دەیانەویست ماڵو موڵك و سامانی خۆیان زیاد بکەن، خەڵکی گشتی دەیانویست لە و سیستەمە دەرەبەگایەتیە چینایەتیە ڕزگاریان ببێت کە تیایدا دەژیان، هەموو ئەمانە و چەند هۆکارێکی تر یارمەتیدەر بوون تا ئە شاڵاوانە بکەنە سەر موسڵمانان لە خۆرهەڵات (برون، ٢٠٠٩، ٢٣٧؛ الصلابي، ٢٠٠٩، ١٤٥؛ وفاء شابو، أميرة بوزهير، ٢٠٢٣، ٢١).

کاتێک ئیمپراتۆر (الكسيوس مومنين) دەسەڵاتی گرتە دەست، هەوڵیدا پێشڕەوی سەلجوکەکان بوەستێنێت و چەندین جار داوای هاوکاری لە ئەوروپا کرد (عاشور، ١٩٥٨، ١|١٢٩-١٣٠)، پاپا ئوربانی دووەم(١٠٨٨ -١٠٩٩ز ) وەڵامی داواکەی ئیمپراتۆری بێزەنتی (الكسيوس مومنين)ی دایەوە کە نێردراوێکی ناردبوو بۆلای پاپا لە ڕۆما و داوای لێکردبوو بە فریای بکەوێت، بەهێزێکی سەربازی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا تا هاوکاری بکات بۆ سەرکەوتن بەسەر سەلجوقیەکان و تێکشکاندنیان کە دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ئاسیای بچوك و ئەنتاکیە و قودسدا گرتبوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا دەسەڵاتی پاپاویەتی خۆرئاوای کاثۆلیکی زاڵ دەبوو بەسەر کەنسەی خۆرهەڵات، لەساڵی(١٠٩٥ز)، کاتێك لەکۆبوونەوەی(کلیرمۆنت) لەفەرەنسا بەسەرۆکایەتی پاپا ئوربانی دووەم پاشاو سەرکردەکانی ئەوروپای خۆرئاوا، نوێنەری ئیمپراتۆری بیزەنتی بە زیادەڕەویەکی زۆرەوە وێنەی چەوساندنەوە و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی سەلجوقیەکانی کێشا بەرامبەر ئەو مەسیحیانەی لەژێر دەسەڵاتیاندان و خراپی و مامەڵەی نالەباریشیان لەگەڵ ئەو مەسیحیانەی دەچن بۆ حەج بۆ قودس، جگە لەوانە بێگومان ڕزگارکردنی بێزەنتینیە لە ڕوخان بەدەستی سەلجوقیەکان کە هێزێکی موسڵمان بوون، ئەمە بەنسبەت پاپاوە پارێزگاریکردنە لەو سنورەی کە پارێزگاری لە جیهانی مەسیحی دەکات لە بەرەی خۆرهەڵاتەوە، سەرئەنجامیش دوورخستنەوەی مەترسی سەلجوقیەکان بوو لە خودی ئەوروپاش، لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی پاپەوی لە ململانی دا بوو لەگەڵ دەسەڵاتی دونیاوی، دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی دا، پاپا وتی: "من قسە لەگەڵ ئامادەبووان دەکەم، و بۆ ئەوانەی کە ئامادەنەبوون ڕادەگەیەنم، و لەوەش زیاتر، عیسا مەسیح(ع.س) فەرمان دەکات: هەرکەسێک بچێتە ئەوێ، گوناهەکانی لێ خۆش دەبێت، لەم هەل و مەرجەشدا دەسەڵاتی پاپاوی سەرکەوت بەسەر دەسەڵاتی دونیایدا، لەلایەکی تر کەنیسە دەبێتە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر، بۆ ئەم مەبەستەش پیاوانی ئاینی بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەوروپادا بڵاوبوونەوە بۆ هاندانی خەڵك و بەشداریکردن لەم جەنگە و کۆکردنەوەی بەخشش و باجیش لە هەموو کەسێك بە بیانووی هاوکاریکردنی هێرشەکانی خاچ دروشمان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەموو داهاتەی کە کۆ دەکرایەوە خەرج نەدەکرا بۆ ئەم مەبەستە، بەڵکو بەشێکی زۆری دەچووە گیرفانی پیاوانی ئاینی مەسیحیەوە، ئەم بەخشش و باجانە هەر کۆ دەکرانەوە تاوەکو وەستاندنی هێرشەکانی خاچ دروشمان ((الشارتري، 1990، 1|132-133؛ المجهول، ١٩٨٥، ٦|٣٦؛ شاكر, 2011، 540-541).

وردەکارییەکانی ئەم شەڕانە ئەوە دەردەخەن کە ئەم هێرشانە لە پاڵ هۆکارەکانی تر بەهۆی پاڵنەرە

ئايينيه ڕوویاندا ژمارەی زۆری حاجیان بەژداریان کرد(عاشور، ١٩٥٨، ١|٢٢)، لەبەر ئەوەی مرۆڤی سەدەی ناوەڕاست لە ئەوروپا باوەڕی بە نزیکبوونەوەی قیامەت و پێویستی داوای لێبوردن هەبوو. ئەوروپییەکان هەستێکی گشتی پەشیمانی و تاوانباری لە ئەنجامی ژیانی خۆیاندا هەبوو، کە زۆر دوور بوون لە کەشی ئاینی و کڵێساکان. ئەوان ڕژانە شوێنەکانی پەرستن و بەدوای کەفارەتدا دەگەڕان بۆ ئەو گوناهانەی کە کردوویانە (رنسیمان، ١٩٦٧، ١| ١٨٠-١٨٢) .

ئێمە ئەگەر سەیری هێرشەکانی خاچ دروشمی بکەین بۆسەر جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات دەبینین هەر لە هۆکارەکانەوە پیاوانی ئاینی مەسیحی ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە هاندان و ئاراستەکردنی گەلانی ئەوروپی بە ناوی هێرشی پیرۆز و ڕۆیشتن بۆ ناوچەی پیرۆز و حەجکردن، خەڵکێکی زۆریان هاندا و تەنانەت دروشمەکانیان کە هێمای خاچ دروشمەکان لە سەر سنگ و قۆڵی جلەکانیان دەنەخشاند، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بە پیرۆز سەیرکردنی ئەم جەنگانە و بەشداربوون تیایدا کە چین و توێژێکی جۆراوجۆر هەر لە پادشاو پیاوانی ئاینی و دەرەبەگ و تاوەکو کۆیلەیەك تیایدا بەشداربوون بۆ مەبەست و مەرامی جیاجیا بەدەر لە ئاینیش کە لە شاڵاوەکاندا دەکەوت .

## تەوەرەی دووەم/ هێرشەکانی خاچ دروشمی و کاریگەریان لەسەر ئاینی و کۆمەڵایەتی لە شام

### هێرشی یەکەمی خاچ دروشمی (شاڵاوی گەلان)

لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی و یانزەی زاینی خۆرهەڵاتی ئیسلامی دوچاری هێرشی چەند کۆمەڵێکی ئەوروپی و لاتینی بووەوە، بە خاچ دروشمان ناو دەبران، ماوەی نزیکەی دوو سەدە بەردەوام بوو، لە ڕاستیدا ئەمە درێژە پێدانی ئەو ململانێ درێژخایەنەیە لەسەردەمی کۆنەوە لەنێوان خۆرهەڵات و ڕۆژئاوادا سەریهەڵدابوو، لە هەر سەردەمێکدا شێوەیەکی تایبەتی هەبووە و لە ژێر ناوێکدا بووە، مێژوونوسان گرنگی بەهەشت شاڵاوی خاچ دروشمەکان دەدەن، چواریان بەرەو زەویە پیرۆزەکانی ناو فەلەستین بوون کە هێرشەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و شەشەم بوون، دووانیان دژ بەمیسر بوون ئەوانیش پێنجەم و حەوتەم بوون و یەکێکیش دژ بە قوستەنتینیەی پایەتەختی بێزەنتی بوو کە چوارەم بوو، هەروەها کۆتا هێرشیش کەهەشتەم بوو بۆ باکوری ئەفریقا، ڕاگەیاندنی هێرشی خاچ دروشمەکان لە کلیرمونت لەسەر دەستی پاپا ئوربانی دووەم لە کۆتایی ساڵی ١٠٩٥ز بوو ئامادەسازیەکان دەستی پێکرد و هێرشی یەکەم لە ئەوروپاوە بۆ خۆرهەڵات بەڕێکەوتن (التقوش، ٢٠٠٩، ٢٢٢).

بطرس ناسك سەرکردایەتی دەکرد، لەجوتیارو خەڵکی شارو خانەدانە بچوکەکان و چەند جەردە و ڕێگرو تاوانبارێك پێك دەهاتن پێیان وابوو، بەبەشداریکردن لەم شاڵاوانەدا پاك دەبنەوە لە گوناهەکایان، بەڵام خۆیان هەر لە ئەوروپاوە لە ڕێگادا هەرچی دەکەوتە سەر ڕێگایان تاڵانیان دەکرد وەك لە ناوچەکانی مەجەر و بولگاریا و شوێنی تر ئەنجامیاندا ، لە نیقیەی پایەتەختی سەلجوقی کوشتارێکی بێشوومایان کرد لە موسڵمانانی ئەم ناوچانەو تەنانەت منداڵی ناو بێشکەشیان دەکوشت تەنها لەبەرئەوەی موسڵمان بوون، لە بەرامبەریشدا خاچ دروشمەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژران و بەدیل دەگیران بەدەستی موسڵمانەکان، جگە لە تێکدان و سوتاندن و وێرانکردنی ناوچەکان و شوێنەکانی وەك مزگەوت و خوێندنگە و شوێنی پەرستن لەلایەن خاچ دروشمەکانەکانەوە (ابن الکثیر، ١٩٩٨، ١٦|١٦٥،١٥٤؛ ابن خلدون, 2016، 77؛ برون، ٢٠٠٩، ٢٣٩-٢٤٠).

بەشێکی تری ئەو سوپایەی کە لە شاڵاوی یەکەمدا بەشداربوون، سەرکردەکان و ئیمپڕاتۆری بێزەنتی بوون، ئەمانە لە ڕووی ڕێکخستنەوە ڕێکخراوتر بوون(عاشور، ١٩٥٨، ١|١٤٥)، کوڕانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاشایانی ئەوروپا و سەرکردەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا و سکۆتلەندا و بەریتانیا بەشداربوون بە پلانی پاپا ئوربانی دووەم لە ئەوروپاوە بەڕێکران لە قوستەنتینیە کۆبوونەوە لە فەرماندەکانی ئەم سوپاکان بریتی بوون لە: هیو گەورە برای شا فیلیپی فەرەنسا، بۆهیمۆند، شازادەی ئەپولیا؛ گۆدفرێی، دوکی لۆرین؛ ڕیمۆند، کونتی پرۆڤانسال؛ و ئادەمار، قەشەی پوی. قوستەنتینیە خاڵی کۆبوونەوە بوو کە سوپای خاچپەرستان لە بەهاری ساڵی ٤٩١ی کۆچی/١٠٩٧ی کۆچیدا گەیشتن(الشارتري، ١٩٩٠، ٤٠).، ئیمپراتۆری بێزەنتی ترسی لێیان هەبوو، سوێندی بەسەرکردەکان خوارد بۆ ئەوەی هەرناوچەیەك لە دەست موسڵمانەکان وەری دەگرنەوە بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی بێزەنتی، ئەم سوپایە زۆرە بەپێی سەرچاوەکان بەنزیکەی (٣٠٠) هەزار سەرباز لە هێرشی یەکەم مەزەندە دەکران، لە گەرووی بۆسفۆر پەڕینەوە چەندین شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ موسڵمانەکان ڕوویدا، ئەمە لە کاتێکدا بوو موسڵمانان ناکۆکی لەنێوانیان هەبوو وەك ملمڵانێی نێوان سەلجوقی و فاتمیەکان، سوپای خاچ دروشمەکان دەستی بەسەر نیقیە و چەند ناوچەیەکدا گرت، ناوچەکانی ئەنادۆڵیان گرت و سوپاکە بەرەو ناوچەکانی فەلەستین پێشڕەوی کرد،

دەقەکانی کتێبی "زیارەت بۆ قودس" ئاشکرای دەکەن کە کاتێک سەربازانی خاچپەرستان لە ساڵی(٤٩٣ کۆچی/١٠٩٩ز)دا قودسیان داگیرکرد و دەستیان بەسەر مزگەوتی ئەقسادا گرت، چەندین کردەوەیان ئەنجامدا

گەمارۆی شاری ( قودس )یاندا بۆ ماوەی (٤١) ڕۆژ بەشەڕ کردن دەستیان بەسەردا گرت، خاچپەرستەکان کارێکی قێزەون و کوشتارێکی زۆریان ئەنجامدا، بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی( ٧٠) حەفتا هەزار موسڵمانیان کوشت و خوێنێکی زۆریان ڕشت و کەوتنە تاڵان و کاولکردن و ( قبة الصخرة )یان تاڵانکرد و موسڵمانەکانیان دەچەوساندەوە، بەگشتی لە شاڵاوی یەکەمدا خاچ دروشمەکانەکان سەرکەوتووبوون و دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆر لە شام و فەلەستین دا گرت (٤) میرنشینی خاچ دروشمەکانان دامەزراند وەك( روها، بیت المقدس، ئەنتاکیە، تەڕابلوس )، خەڵکێکی زۆر لە خاچ دروشمەکانەکان تیایدا نشتەجێ بوون و کە پێشتر موسڵمانەکان ئەم ناوچانە لە ژێردەستیاندا بوو، لەلایەکی تر سوپای خاچ دروشمەکان کە بە پێی سەرچاوەکان بە نزیکەی (٣٠٠) هەزار سەرباز مەزەندە دەکرا نزیکەی ( ٨٠ )هەشتا هەزاریان لێمایەوە واتە نزیکەی ( ٢٢٠ )هەزاریان کوژران لە ناوچوون ئەمەش زیانێکی گەورەی گیانی بوو بۆ خاچ دروشمەکانەکان لە لایەك و موسڵمانەکانیش ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا نموونەی ئەم کۆمەڵکوژییانە بریتین لەوەی کە بەدرێژایی ڕێگای ئەنتاکیە بۆ قودس ڕوویدا و لوتکە لە کۆمەڵکوژییە ترسناکەکەی خاچپەرستان لە قودس لە ساڵی ٤٩٢ کۆچی / ١٥-٢٥ی تەمموزی ١٠٩٩ی زایینی. دوای گرتنی قودس لەلایەن فرانکەکانی خاچپەرستانەوە، دەیان هەزار موسڵمانیان کوشت بە تەنها لە شاری قودس نزیکەی( ٧٠ ) هەزاریان لێکوژرا بەدەستی خاچ دروشمەکانەکان لە ماوەی یەك هەفتەدا جگە لە شار و ناوچەکانی تر، ئازادی ئاینی بۆ موسڵمانەکان لەم ناوچانەدا نەما یان زۆر بەرتەسك کرایەوە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی موسڵمان لە ترسی ئەم کارەساتانە و کوشتن و سوکایەتی کردن ناوچەکانیان بەجێهێشت و چەندین مزگەوت و ناوچەی پیرۆزی موسڵمانانیان کاولکرد و سوتاند ململانێیەکی توند لە نێوان موسڵمانەکان و خاچ دروشمەکانەکاندا دروست بوو لەم ناوچانەدا (ابن قلانسي، 1908، 134-136؛ ريمون سانجيل، 1995، 120؛ الشارتري، 1990، 58،68؛ سبانو، بدون سنة، 56-60؛ فارق, 2007، 152؛ برون، ٢٠٠٩، ٤٣-٤٤).

خاچپەرستان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەربازییان ئەنجامدا، پاشان بڕیارێکیان دەرکرد بۆ کوشتنی هەموو موسڵمانێک کە لەناو شارەکەدا مابێتەوە. ئەوان دڕندەیی ترسناکیان ئەنجامدا کە بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو بەردەوام بوو، ئەمەش وایکرد مێژوونووسی ڕۆژئاوایی ماکسیموس مۆنرۆند بە جینۆساید وەسفی بکات، بەو پێیەی ئەوان لە کوشتنی هیچ قودسییەک بە بەزەیی نەبوون، هەروەها جیاوازییان لە نێوان ژن و پیاو و گەنج و پیردا نەدەکرد، بەڵکو بە ئەنقەست زۆرێک لە ئیمامەکانی موسڵمانان و زاناکانیان و پەرستیارەکانیان و پەرستیارەکانیان کوشت ( ابن الأثیر، ١٩٩٤، ٨|٤٢٥).

ئەم هێرشانە بوونە هۆی نیشتەجێبوونی خاچیەکان بوو کە ئامانجی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەتایبەتی فەلەستین و نیشتەجێکردنی و ئاوارەکردنی دانیشتووانەکەی بوو بۆئەوەی توخمە خاچپەرستە فرانکییەکان جێگەیان بگرێتەوە. جەنگی خاچپەرستان شەڕی قڕکردن بوو، بانگەوازی قڕکردنی موسڵمانان لەلایەن پاپاکانەوە کرا، هەروەها لەلایەن سەینت بێرنارد – قەشەی کڵێسای کلێرڤۆکس، یەکێک لە گەورەترین داکۆکیکارانی جەنگە خاچپەرستەکان - کاتێک پێی وابوو کە "کوشتنی کافر کوشتنی مرۆڤ نییە، بەڵکو قڕکردنی خراپەیە، و کوشتنی بتپەرست شکۆمەندی مەسیحییە، چونکە ئەوان تاکە خەڵکن کە شایەنی نشتەجی بوون لەوێ. بەم پێیە بێرنارد داوای دەرکردنی موسڵمانان لە فەلەستین کرد (الصوري، ٢٠٠٣، ٢ | ٧٥٨-٧٥٩؛ دویل، ١٩٩٣، ٧|١٣-١٤).

ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە "شارەکە لە چەند ڕۆژێکدا لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی دیکە، لە کۆمەڵە یاسایەکەوە بۆ کۆمەڵە یاسایەکی دیکە، لە کۆمەڵێک داب و نەریتێکەوە بۆ کۆمەڵێک داب و نەریتێکی دیکە و لە دانیشتووانێکەوە بۆ دانیشتووانێکی دیکە گۆڕا."(مۆندروند، بدون سنة، ١٧٥-١٧٦).

هەندێکیان قورئانێکی پیرۆزیان لە یەکێک لە مزگەتەکان هێنا و گوتیان: ئەی موسڵمانان سەیری کتێبەکەتان بکەن، پاشان کونیان کرد و بە دارێک بەستیانەوە بۆ ئەوەی کەڵەشێر پیسایی پیادابکات، هەرکاتێک پیساییان لەسەر قورئان دەبینی چەپڵەیان لێدەدا و بە شانازی و خۆشییەوە پێدەکەنی (ابن العدیم، ٢٠٠٦، ٢|٢٢٤).

**هێرشی دووەمی خاچ دروشمەکان:** نورالدین الزنکی ئەتابکی موسڵی سەلجوق لەساڵی ١١٤٤ز میرنشینی ( روها )ی لەخاچپەرستەکان سەندەوە، ئەمە خاچ دروشمەکانی ترساند، میرنشینەکانی تریش لەدەست بدەن، بۆیە لەساڵی ١١٤٧ز هێرشی دووەمی خاچ دروشمەکان بەسەرکردایەتی کورادی سێیەم ئیمپراتۆری ئەڵمانی و لویسی حەوتەمی پادشای فەرەنسا، لە ئەوروپاوە بەڕێکەوتن ئامانجیان گەڕانەوەی روها بوو لە ژێر دەستی سەلجوقیەکان، ئەنجامی هێرشەکەش هێزی ئەڵمانی بە زەرەرو زیانێکی گیانی و مادی گەرانەوە بە دەستی سەلجوقیەکان توشی بوون و فەرەنسیەکانیش توشی هەمان گرفت بوونەوە سەرەڕای ئەوەی ویستیان گەمارۆی روها بدەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، دواتر ویستیان گەمارۆی دیمەشق بدەن بەڵام هاوکاری نەکران شکستیان خواردوو بەبێ هیچ ئەنجامێك گەرانەوە، ئەمەش بەهۆی بێ متمانەیی لەنێوان هێزی خاچ دروشمەکان لەنێوان خۆیان لەلایەك و لەگەڵ بێزەنتیەکان لەلایەکی تر، ئەو زەبرە گەورەیەی کە بە هۆی موسڵمانە سەلجوقیەکانی توشی بوون (شاکر، ٢٠١١، ٥٤٩-٥٥٠).

جەنگی حتین لە ڕۆژی هەینی( ٢٧ڕەجەبی ٥٨٣ کۆچی| ١٢٦ڕەبیع یەکەم ٥٨٣ك ١١٨٧ز) جەنگێکی سەخت ڕوویدا لەنێوانیاندا سوپای موسڵمانان بەسەرکردایەتی سەرکردەی کوردی موسڵمان صلاح الدین الایوبی سەرکەوتن بەسەر سوپای خاچ دروشمان قودسی ڕزگارکرد و

ژمارەی سوپای خاچ دروشمەکان نزیکەی (٥٠٠٠٠ بۆ ٦٣٠٠٠) هەزار سەرباز بوون لەم ژمارەیەش نزیکەی (٣٠٠٠٠) هەزار سەربازیان کوژران و (٣٠٠٠) هەزاریان بەدیل گیران لەناو ئەونیشدا پادشای قودس جۆی و میری کەرك ارنات رینولد، میری رەملە و میری جەبلە ومیری تەبەرییە خەڵکێکی زۆر لەکاربەدەستانی خاچ دروشمەکان ئەم سەرکەوتنەی موسڵمانان ورەی خاچ دروشمەکانی روخاند توانیان زۆربەی ناوچەکان کە لە هێرشی یەکەمی خاچ دروشمەکان دەستیان بەسەردا گیرابوو دووبارە بیگێڕنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان (ابن شداد، ٢٠٠٠، ٦٦؛ البابيري، ٢٠١٠، ١٦٥؛ محمد, 2010، 73،77؛ صديق, 2010،٣٢٩؛ لويس, 2014، 119)، صلاح الدين بەرێزەوە لەگەڵ دیلەکانی خاچ دروشمەکان مامەڵەی دەکرد لە کاتێکدا خاچ دروشمەکانەکان زۆر بەتوندی و بێبەزەی بە سوکایەتیەوە مامەڵەیان لە گەڵ موسڵمانان دا دەکردو دەی کوشتن و مزگەوتەکانیان دەروخاندن یان دەیانکرد بە کەنیسە (ابن شداد، 2000، 66؛ سلامة, 2016، 123؛ محمد، ٢٠١٠،٧٧)، هەروەها صلاح الدين سەرکردەیەکی ئازاو لێبوردەبوو نمونەش بۆ ئەمە رێگەی بەرۆشتنی ( ئەمیرە ئەشیفای ) خێزانی ریمۆند دا و بەو پەڕی رێزەوە و بە هەموو کەرەستە زێر و خشڵ و زیوەکانیەوە بەرێی کرد و ناردیەوە بۆ لای ریمۆندی هاوسەری، وە رێگەی دا بە ئەمیر بالیانی دووەم دا کە بچێتە لای هاوسەرەکەی لەگەڵ چەندین نمونەی تر، ئەمە لەکاتێکدابوو خاچ دروشمەکان زۆر بەتوندی ڕەفتاریان بەرامبەر موسڵمانان دەنواد و جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان پیر و منداڵ و ژن (ابن شداد، ٢٠٠٠، ٦٧؛ سلامة، ٢٠١٦، ١٢٥) .

سوڵتان صلاح الدينی ئەیوبی پاش رزگارکردنی قودس، ڕووی کردە چارەسەرکردنی ئەو کێشەی دیمۆگرافیی کە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە پێشتر ئەنجامدرا بوو، ئەمانەی خوارەوەی ئەنجامدا:

-سوڵتان صلاح الدين لەجیاتی تۆڵەکردنەوە لە بەرامبەر کارە قێزەونەکانی خاچپەرستان کە پێشتر لە کاتی گرتنی قودس ئەنجامیان دابوو، لەگەڵ خاچپەرستان گەیشتە رێککەوتنێک سەبارەت بە پێدانی فیدیەیەکی دیاریکراو، کە بەپێی ڕەگەز و پێگە دەگۆڕێت.

-صلاح الدين قبووڵی کرد کە دەسەڵاتی خاچپەرستان سەد هەزار دینار بۆ هەموو ئەو هەژارانە بدەن کە نەیانتوانی فیدیە بدەن، دواتر حەوت هەزار کەس بە سی هەزار دینار فیدیە ئازادکرد.

- گەرەنتی تێپەڕبوونی ئاشتیانەی خاچپەرستان لە قودس بە سەلامەتی بۆ سور و تەرابلوس و ئەنتاکیە و ئەو قەڵایانەی کە مابوونەوە کە هێشتا نەکەوتبوون.

- گەڕاندنەوەی قودس بۆ دۆخی پێشووی چەندین پرۆژەی شارستانی و کۆمەڵایەتی دەستپێکرد (ابن شداد، ٢٠٠٠، ٦٧؛ المقريزي، ١٩٧٣، ١|١٢٢؛ الجوزي، ١٩٨٧، ٨| ٣٩٩).

**هێرشی سێیەمی خاچ دروشمەکان:** دوای ئەو سەرکەتنە گەورەی موسڵمانەکان لەجەنگی حەتین، خاچ دروشمەکان خۆیان ئامادەکرد بۆجەنگ لەساڵی (١١٨٩ز) بەسەرکردایەتی ئیمپراتۆری ئەڵمانی(فدريك باربا روسا)و پاشای فەرەنسا (فیلیپی دووەم ) و پاشای ئینگلیز (ریچاردی یەکەم-ریچارد قلب الاسد) بەرێکەوت، بەڵام سەرکەوتنێکی وای بەدەست نەهێنا، ئیمپراتۆری ئەڵمانی لە کاتی پەڕینەی لە ئاوێك لە ئاسیای بچوك خنکا، هێزەکەی بەشێك گەرانەوە ئەڵمانیا، بەشەکەی تری خۆیان گەیاندە هێزە فەرەنسی و ئینگلیزەکان، تەنها ناوچەی دەستیان بەسەردا گرت (عەکا و یافا) بوو، فیلیپی فەرەنسی گەرایەوە، دوای ماوەیەکی تریش ریچاردیش گەرایەوە پێش ئەوە لە ساڵی ( ١١٩٢ز )رێکەوتنێك کرا لە نێوان سوڵتان صلاح الدين و ریچارد بەم شێوەیە :

١-خاچ دروشمەکانەکان پابەند بن بە بەشی کەناری کە درێژ دەبێتەوە لە نێوان صور و یافا تا ئەنتاکیە .

ب-موسڵمانەکانیش پابەند بن بە قودس و ناوچەکانی فەلەستین .
ت-هەروەها ڕێگە بە حاجیەکانی مەسیحی بدەن کە دێن بۆ حەج (الحسين، ٢٠٠٥، ٢٦٠؛ شاكر، ٢٠١١، ٥٥٣؛ ئازاد، ٢٠١٣، ١٢٨) .

**هێرشی چوارەمی خاچ دروشمەکان:** پاپا ئەنوستنی سێیەم ویستی پاڵەوانیەتی خۆی بسەلمێنێت، بۆ ئەمەش بانگێشتی پاشاو دەربەگەکانی کرد کە خۆیان یەکبخەن و ئامادەکاری بکەن بۆ هێرشێکی تری خاچ، بەڵام پاشای فەرەنساو ئیمپراتۆری ئەڵمانی وەڵامیان نەدایەوە، هەندێك لە فەرمانرەوای دەربەگەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا بەدەم بانگێشتەکەی چوون، شاری ڤینیسیای ئیتاڵی ئەرکی گواستنەوەی سوپای خاچ دروشمەکان گرتە ئەستۆ لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی بۆ پەراندنەوەیان لە دەریا داوای (٨٥٠٠٠) هەزار مارکی زیوی کرد، خاچ دروشمەکان توانای ئەو برەیان نەبوو، بۆیە ئەوانیش داوایان کرد کە سەربازەکان هێرش بکەنە سەر شاری (زارا- دالماشیا ی مەسیحی ) و تاڵانی بکەن پاپا بەمە رازی بوو، سوپای خاچ دروشمەکان ویستی هێرش بکاتە سەر میسر، بەڵام بازرگانە ڤینیسیەکان دووبارە داوایانکرد کە هێرش ببەنە سەر قوستەنتینیە بۆسەر بێزەنتیەکان لەساڵی ١٢٠٤ز دا هێرشەکەیانکرد و دەستیان بەسەر قوستەنتینیە دا گرت کە لەسەر ئاینزای ئۆرتۆدۆکسی بوون، ئەم شارەیان تاڵانکردو خەڵکێکی زۆریان کوشت و ئیمپراتۆریەتێکی لاتینیان دامەزراند و کەنیسەی خۆرهەڵات ملکەچی دەسەڵاتی پاپا بوو (محمد حسين توفيق، عبدالأمير محمدأمين, 2013، 50؛ شاكر، ٢٠١١، ٥٥٤-٥٥٦) .

دەبینین ئەم شاڵاوە کاریگەری گەورەی لەسەر خودی مەسیحیەکانیش بەجێهێشت و خودی خۆشیان ململانێیەکی گەورەی ئاینزایی لە نێوان کاتولیك و ئەرثودۆکسی هەبوو، کەنیسەی خۆرهەڵاتیان ملکەچکرد بۆ دەسەڵاتی پاپاوی لە ڕۆما، ئیتر لەمە بە دواوە ڕۆڵی هاندانی ئاینی کەم بۆوە و بەشداری خەڵك بۆ شاڵاوەکان، بۆ مەبەست و مەرامی ئابوری و سیاسی و ...هتدبوو.

**هێرشی پێنجەمی خاچ دروشمی:** بەر لە هەڵمەتی خاچ دروشمەکان پینجەم دوو هێرشی تر ئەنجام دراون یەکەمیان شاڵاوی مناڵانی خاچ دروشمەکان لە ساڵی (٦٠٩ك|١٢١٢ز)دا سەرەتا منداڵێکی تەمەن (١٢) ساڵ ناوی(ستیڤن)بوو، لەفەرەنسا ڕایگەیاند، مەسیح (ع) نامەی پێداوە تا لەگەڵ مناڵانی تری خاچ دروشمەکان بۆخۆیان هەڵمەتێك ببەن خودا لەگەڵیان دەبێت، دەریای ناوەڕاست لەت دەبێت و بەیتولمەقدس رزگار دەکەن نزیکەی(٥٠)هەزار منداڵ لەفەرەنسا لەدەوری کۆبوونەوە کەشتیەکان لەبەندەری مارسیلیاوە بەرێکەوتن، لەوکاتەوە هیچ کەس هەواڵی نەزانین، هەندێ دەڵێن چۆتە باکوری ئەفریقا و لەوێ لە بازاری کۆیلە فرۆشان فرۆشراون، هەندێکیان بران بۆ شارە ئیسلامیەکان (عاشور، ١٩٥٨، ٩٠٠، ٩٥٤-٩٥٦)، بەڵام هێرشی هەنگاریەکان ( پاپا انوسنت سێیەم ) سەرکردایەتی دەکرد، ژمارەیەك لە ئەلمان و قوبرسی تێدابوو گەیشتنە عەککا و لەوی چەند هێرشێکیان کرد، بۆ سەر بەرزاییەکانی لبنان بەڵام بێئەنجام بوو شکستی هێناو گەڕانەوە بۆ ئەوروپا (زەینەل، ٢٠١١، ٢٤٢).

هێرشی پێنجەمی خاچ دروشمەکان بۆسەر میسر چونکە خاچ دروشمەکانەکان پێیان وابوو کلیلی ناوچەی ( شام)ە لەکۆتای ساڵی (٦١٤ك\ ١٢١٧ز) خاچ دروشمەکانەکان کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر بانگەوازی (پاپا انوستنی سێیەم) جێگرەکەی دوای خۆی (هنوریوس سێیەم )، بەڵام ئەم کۆمەڵانە بۆ ئەم هێرشە بەس نەبوون تا (پاشاحنا) لە ئایاری (٦١٥ك \ ١٢١٨ز) دەرەوەی شاری دەمیات بەرێکەوت، لەم هەڵمەتەدا پلانیان میسر و شام و ناوچەکانی حیجاز و تێکدانی شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانان بوو، بۆ ئەم مەبەستە پاشا (حنا) لەگەڵ نجاشی پاشای حەبەشە رێکەوتبوو، لەمانگی حوزەیران گەیشتنە ئاورێژگەی دەمیات لە نیل، دوای (٩) مانگ لە شەڕو

گەمارۆ بەرگری کردن، دواجار خاچ دروشمەکانەکان چوونە ناو شارەکە، ئەم هەواڵە گەیشتە ئەوروپای خاچ دروشمەکان (کادیناڵ بلاجیوس) وەك نوێنەری پاپا بۆ میسر هات، بوو بەسەرکردەی باڵای خاچ دروشمەکان لەمیسر (زەینەل، ٢٠١١، ٢٤٥)، لە (٦١٦ك \ ١٢١٩ز) خاچ دروشمەکان شاری دەمیاتیان گرت، خەڵکێکی زۆریان کوش، مزگەوتەکانیان کرد بە کڵێسا، بەشێکی سوپاکەیان نارد بۆ دێهات و ناوچەکانی دەوروبەر خەڵکێکی زۆریان کوشتو تاڵانیەکی زۆریان ئەنجام دا (ابن الأثير، ١٩٩٤، ١٢|٣٥٠)، پاشان خاچ دروشمەکان ئامانجیان گرتنی میسر بوو دوای گەیشتنی یارمەتیەکی زۆر لە ئەوروپاوە بەرەو (قاهیرە ) بەرێکەوتن، لەم کاتەشدا جیهانی ئیسلامی لە خۆرهەڵات رووبەرووی قەیرانێکی تر هاتبوو ئەویش شاڵاوی (مەغۆلەکان ) بوو، مەلیك کامیل داوای کشانەوەی هێزی خاچ دروشمەکانی کرد لەبەرامبەر هەندێ دەستکەوت، بەڵام خاچ دروشمەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە، سوپای خاچ دروشمەکان لە دەلتای نیل چوونە ناو سێگۆشەیەکی ئاوی، بەڵام لە مانگی ئاب ئاستی ئاوی نیل بەرز بۆوە خاچ دروشمەکان لەمە ئاگادار نەبوون، موسڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون، مەلیك کامیل پلانی دانا تا رێگەی گەڕانەوە لەسوپای خاچ دروشمەکان بگرێت و نەتوانن بگەڕێنەوە شام، وە داوایکرد بەنداوەکان بکرێنەوە ئەمە وایکرد سوپای خاچ دروشمەکان توشی گرفتی گەورەکرد، خاچدروشمەکان داوای رێکەتنیان کرد ئامادەبوون لەبەرامبەر رزگاربوونیان لە (دەمیات و میسر ) بکشێنەوە، بەڵام کامیل داوایکرد ژمارەیەك لە گەورەکان تاکشانەوەیان وەك بارمتە بمێننەوە لەلای، (٢٠) سەرکردە و گەورەیان بارمتە بوون لەلای موسڵمانەکان لەناویشیاندا (پاشا حنا ) بوو، بەمەش شاڵاوی پێنجەم شکستی خوارد لە ساڵی ( ٦١٨ك\ ١٢٢١ز )وپاشا حنا لەگەڵ مەلیك کامیل رێکەوتن بۆ ماوەی (٨) ساڵ جەنگ ڕابگرن، گەڕانەوە ئەوروپا (النقاش،١٩٥٨، ٧١-٧٣؛ زەینەل، ٢٠١١، ٢٤٦-٢٤٧).

**هێرشی شەشەمی خاچ دروشمەکان:** هۆکاری ئاینی رۆڵی گەورەو سەرەکی هەبوو لەهاندانی خەڵك و فەرمانڕەواکان بۆ هێرش، هەربەکە لە ( پاپا انوستنی سێیەم و دواتر گریگۆری نۆیەم ) هانی خەڵکیاندا بۆ جەنگی پیرۆز گرتنی قودس سەرەڕای ئەوەی کە رێکەوتن کرابوو، لە نێوان پاشا حنا و مەلیك کاملی ئەیوبی، حنا سەردانی پاپا و پاشایانی ئەلمانیا و ئیسپانیا و فەرەنسا کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشە، ئیمپراتۆر فردریکی ئەلمانی بەڵێنی بە پاپادا خۆی ئەم هەڵمەتە بەرێوەببات، بەڵام پێش ئەمە ناکۆکیەك دروست بوو لە نێوان پاپای نوێ (گریگۆری نۆیەم ) فردریکدا پاپا فدریکی بێبەشکرد لە بەرەکاتی کڵێسا، ئەم هەواڵە گەشتە کامیل و ئەویش ترسی هەبوو لە خوارزمیەکان و معەزەمی برای، بۆیە لە رێگەی بالوێز لەگەڵ فدریك پەیوەندیان بەست، کاتێك لە شام دابەزی لە( ٦٢٤ك\ ١٢٢٨ز ) پەیوەندی نێوان فدریك و کامیل زۆر باش بوو لەبەر ئەوەی پێویستیان بەیەکتر بوو، فدریك شەش زمانی دەزانی یەکێك لەوانیش زمانی عەرەبی بوو، فدریك پرسیاری ( دەکرد لەبارەی ئەندازیای و حیکمەت و ماتماتیك ) لەمەلیك کامیل، پەیوەندیان هەبوو لە نێوانیان، کاتێك برای کامیل معەزەم مردنی ئیتر کامیل ترسی لە دەستدانی دەسەڵاتی نەما کە پێشتر بەڵێنی پێدانی قودسی بە فدریك دابوو لە بەرامبەر پاڵپشتی ئەودا (یوسف، ٢٠١٢، ١٨٥؛ زەینەل، ٢٠١١، ٢٥٣-٢٥٥)، فدریك کەوتە دۆخێکی خراپ، چونکە نەیدەتوانی بەبێ دەستکەوت بگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا لەبەرئەوەی پاپا بێ بەشی کردبوو، بۆیە کەوتە پارانەوە لە مەلیك کامیل و گوتی: من خزمەتکار و کۆیلەی تۆم، لە فەرمانی تۆ دەرناچم، خۆت دەزانی کە گەورەترین پاشای دەریام، پاپا و پاشاکانی ئەوروپا بە توانا و شارەزاییم دەزانن، ئەگەر بە شکست بگەڕێمەوە لایان ئەوا حورمەتم دەشکێت، ئەم قودسە باوەڕی

خەڵکە، ئەگەر سوڵتان قایل بێت بەوەرگرتنی ئەو وڵاتە و سەردانی خەڵك ئەوا چاکەیەکە لەووەوە (عاشور، ١٩٥٨، ٢|١٠١٠)، سەرئەنجام رێکەوتنامەی ئاشتیانە واژۆکرا لەنێوانیان بۆ ماوەی (١٠)ساڵ لە (١٨\ شوباتی ١٢٢٩ز\٦٢٦ك) دا بەم مەرجانە :

١-شاری قودس بۆ خاچ دروشمەکانەکان بێت، بەو مەرجەی کە پێگەی سەربازی تێدا نەنێن، مزگەوتی عومەر لای پەیکەری سلێمان پێغەمبەر(علیه السلام) بەدەست موسڵمانانەوە بێت و مەسیحیەکان ئازاد بن لە چوونە ناوی بۆ مەراسیمی ئاینی .

٢-شاری ناصیرە بۆ خاچ دروشمەکانەکان بێت، بە مەرجێك موسڵمانان لە چوون بۆ ( بەیت لەحم ) ئازادبن .

٣-هەندێ شاری کەناری وەك صیدا بۆ خاچ دروشمەکانەکان بێت بەمەرجێك پێگەی سەربازی تێدا نەکەنەوە.

٤- ئیمپراتۆر فدریك بەڵێنی دا کە چیتر هاوکاری خاچ دروشمەکانەکان نەکات لە ماوەی رێکەوتنەکە بۆ هێرش کردن بۆ سەر کامیل و موسڵمانەکان.

رای گشتی موسڵمانەکان سلبی بوو بۆ ئەم رێکەوتنامەیەو بەزوڵم و شکستیان دەزانی، دەیانووت قودس  سوڵتان صلاح الدین ئازادی کردووە، بەڵام کامیل دایەوە بە خاچ دروشمەکان وتیان کامیل ناپاکە، هەڵوێستی خاچ دروشمەکانیش ئەوەبوو، دەیانوت ئەم سەرکەوتنە بە پارانەوە بە دەست هاتووە نەك بە شمشێر، ئەوەیان بە سوکایەتی بۆ کەرامەتیان دەزانی، چونکە موسڵمانان لە قودس شوێنی زۆریان بەدەستەوە بوو، هاوکات هێزی (الداویة و الاسبتاریە ) کارەکانی فردریکیان رەتکردەوە، چونکە لە رەحمەتی پاپا دەرکرابوو، فدریك لە ١٢٢٩ز سەردانی قودسی کرد و لەوی خۆی وەك ئیمپراتۆر ناساند، زۆر رێزی موسڵمانانی گرت، کاتێك چووە ناو مزگەوتی موسڵمانان وەك نەریتی موسڵمانان (پێڵاوی)دانا (زەینەل، ٢٠١١، ٢٥٥-٢٥٧) .

ماوەی رێکەوتنامەکە تەواونەبوو بوو پاپا هەستا بەبانگەشەکردن بۆ هێرشێکی نوێ لەساڵی (٦٣٧ك\١٢٣٩ز) ژمارەیەکی زۆر سوارە فەرەنسیەکان وەڵامیان دایەوە و بە فەرماندەیی (ثیبۆتی چوارەم ) مەلیك فاغار چوون بەدەم پاپاوە لەو ساڵەدا گەیشتنە عەککا و پلانی گرتنی قودسیان دانا، بەڵام (ناصر داودی ئەیوبی ) فەرمانرەوای ئوردن پێش خاچ دروشمەکان کەوت بۆ قودس و بەمەبەستی دەرکردنی خاچ دروشمەکان لە شاری قودس و چونکە ژێربەژێر ئەوان ئاگاداری هێرشەکەبوون، وە کاتێك خاچ دروشمەکان هەواڵی شاری قودسیان پێگەیشت بڕیاریاندا هێرش بکەن سەر میسر  و دواتر دیمشق، بۆ ئەوەی قودس تەسلیم بە خاچ دروشمەکانەکان بکەن، بەشێك لە خاچ دروشمەکان بەرەو عەسقەلان چوون کاروانێکی موسڵمانەکانیان دەست بەسەردا گرت و دواتر بۆ غەزە چوون بەڵام لەوێ موسڵمانەکان رووبەڕوویان بوونەوە و ژمارەیەکیان لێکوشتن نزیەکەی (١٨٠٠) خاچ دروشمەکان دەبوون و (٢٥٠) کەسیشیان بەدیلی کەوتنە دەست موسڵمانەکان و رەوانەی میسر یان کردن، ئەیوبیەکان کەوتنە ململانی یەکتر فەرمانرەوای میسر صالح نجم الدین ئەیوب و فەرمانرەوای دیمشق صالح اسماعیل بوو، دواتر صالح اسماعیل بە هاوکاری خاچ دروشمەکانەکان توانی سەر بکەوێت و بەڵام هێزی خەڵکی شام جیابوونەوە لە صالح اسماعیل و چوونە بەرەی میسریەکان و جەنگان دژی خاچ دروشمەکانەکان و زیانێکی زۆر گەورەیان پێگەیاندن و توانیان ژمارەیەکیان بەدیل بگرن رەوانەی میسریان کردن ئەمەش بووە هۆی شکست خواردنی (پیبوتی چوارەم ) گەرانەوەی بۆ ئەورووپاو هاتنی ریچارد کۆرنول برای هنری سێیەمی پاشای بەریتانیا، بەڵام ئەویش داوی چەند مانگێك بەبێ هیچ دەستکەوتێك گەڕایەوە، تەنها پێگەی عەسقەلانی چاککرد، ئەیوبیەکان بەردەوام ململانیان

هەبوو، دواتر خوارزمیەکان هاتن لەساڵی (٦٤٢ك\ ١٢٤٤ز) شاری قودسیان فەتحکردەوە و کە لەو شەڕەدا (صالح اسماعیل)ی فەرمانڕەوای شام بەهاوکاری خاچ دروشمەکانەکان و دژی (صالح ئەیوب )ی میسر پێشڕەویانکرد بەڵام فەرمانەرەوای میسر بە هاوکاری خوارزمیەکان کە دوای سوپای خاچ دروشمەکان کەوتبوو لە دواوە جەنگێکی گەورە ڕوویدا نزیکەی (٣٠) هەزار لێ بکوژن و هەزار دیلیان ڕەوانەی میسر کرد ئەنجامی ئەم شەڕە وەك جەنگی (حەتین) بەڵایەکی گەورەبوو بۆ خاچ دروشمەکانەکان بە شێوەیەك مێژوونووسی فەرەنسی (گروسیە ) بە جەنگی (حەتینی دووەم ) ناوی دێنێت، بەمەش صالح نجم الدین ئەیوب دەسەڵاتی ئەیوبی بەسەر میسر و دیمشق و بیت المقدس داگرتەوە (زەینەل، ٢٠١١، ٢٥٩-٢٦٢).

**هێرشی حەوتەمی خاچ دروشمەکان:** لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنسا نەخۆش بوو وەسیەتی کرد ئەگەر چاك بێتەوە هێرش دەکاتە سەر موسڵمانەکان، کاتێک چاکبۆوە ماوەی سێ ساڵی ئامادەکاری کرد بۆ هێرشکردن سوپایەکی گەورەی کۆکردەوەو خێزانەکەی و هەردوو براکەی شارڵ و ڕۆبەرت لەگەڵی بوون لە ساڵی(646ك/١٢٤٩ز)بەڕێکەوتن ئامانجی گرتنی میسر بوو، لە قوبرس داوای هاوکاری لە مەغۆلەکان و مەسیحیەکانی ناوچەکە کرد، نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ(صالح نجم الدین ئەیوب)نارد، ئەویش بە نامەیەکی هەڕەشە ئامێز وەڵامی لویسی دایەوە، هەریەکە لە(سوپای الداویة و سوپای ئیسبارتییە)کە پێکهاتەکەیان پیاوانی ئاینی مەسیحی بوون بەژداربوون، لویس سەرەتا دەستی بەسەر (دمیاط) و چاند ناوچەیەکدا گرت و خەڵکێکی زۆری کوشت، صالح نجم الدین نەخۆش بوو، سوپای خاچ دروشمەکان گەیشتە نزیک قاهیرە لەوکاتەدا صالح نجم الدین مرد، بەڵام خێزانەکەی کە ناوی(شجرە الدور) بوو ژنێکی هەڵکەوتە بوو مردنەکەی شاردەوە، لەگەڵ فەرماندە سەربازیەکانی وەک (میر فەخرەدین و بێبەرس بندقدار) توانیان بەرگری بکەن و لە جەنگی مەنسورەدا موسڵمانەکان توانیان بەسەر خاچ دروشمەکانەکاندا سەر بکەون و ژمارەیەکی زۆر لە الداویەکان و ئیسباریەکان کوژران تەنانەت خودی ڕۆبەرتی برای لویسیش کوژرا، دواتر تورانشای کوڕی صالح نجم الدین لە حصن کیف گەڕایەوە بۆ قاهیرە، لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدا لە جەنگی(فارسکۆ) توانیان شکستی یەکلاکەرەوە توشی سەربازانی خاچپەرست بکەن (المقریزي، ١٩٩٧، ٣|٧٣؛ برون, 2009، 263-264)، خودی پاشای فەرەنسا (لویسی نۆیەم ) دەستگیر کرا، لەبەرامبەر پێدانی فدیەیەکی زۆر ئازادکرا، ژمارەیەکی زۆری فەرەنسیەکان کوژران و بە دیلی کەوتنە دەست موسڵمانەکان، ئەوانەی تر بە شکست خواردوویی گەڕانەوە بۆ فەرەنسا (ابن خلدون، ١٩٧٩، ٩٢؛شاکر، ٢٠١١، ٢|٥٥٨-٥٥٩؛ عبدالرحمن, 2010، 76-78).

**هێرشی هەشتەمی خاچ دروشمەکان:** لویسی نۆیەم پاشای فەرەنسا بەشکستی شالاوی نۆیەم پەندی وەرنەگرت دوای (٢١) ساڵ جارێکی تر سەرکردایەتی شالاوی هەشتەمی خاچ دروشمەکان کرد لە ساڵی (١٢٧٠ز) نزیکەی (٤٠٠٠٠) چل هەزار سەربازی خاچ دروشمەکان لە سوارە و پیادە و هێزی دەریای بە بەلەمی بچوك و مام ناوەند تیایدا بەشداربوون، بەرەو ناوچەکانی تونس، بەڵام سوپاکەی توشی نەخۆشی ( تاعون) چاوە قوڵە بوون، ژمارەیەکی زۆریان بەم نەخۆشیە تیاچوون، لەوانەش خودی پاشای فەرەنساش بەم نەخۆشیەش مرد و ئەوەشی کە مایەوە لە سوپاکەی بە نائومێدی شکستخواردووی گەڕانەوە بۆ ئەوروپا، لە داوی ئەم شکستەش پاپا (وات روما ) دەستی کرد بە بانگەشەکردن بۆ پاشا و فەرمانڕەواو سەرکردەکانی ئەوروپا بۆ هێرشێکی نوێ بەڵام ئەمجارە بەگوێیان نەکرد و شکستی هێنا بۆ بانگەشەکردن بۆ شالاوی نوێ بۆ سەر خۆرهەڵات، لەم ساتەشەوە هیچ هێرشێکی تر ئەنجام نەدرا بۆ سەر موسڵمانەکان لە خۆرهەڵات،

دووباری هیچ هاوکاریەکی تری خاچ دروشمەکانەکان لە ئەوروپاوە نەگیەیشتە میر نشینە خاچ دروشمەکانەکان لە رۆژهەلات، بۆیە میر نشینەکانیان لە خۆرهەڵات بەرەو لاوازی چوون، لە کۆتاییدا لەساڵی (١٢٨٦ز) لەسەر دەستی (مەلیك زاهیر بێبرس) دەستی گرت بەسەر میرنشینی خاچ دروشمەکان لە ( ئەنتاکیە ) و لە ساڵی (١٢٨٩ز) سوڵتان زاهیر بێبر س دەستی گرت بەسەر میرنشینی ( تەرابلوس) دا و وەلەساڵی (١٢٩١ز) دا لەسەردەستی (مەلیك الاشرف خلیل کوری قلاون ) دا دەستی گرت بەسەر شاری (عەککا)دا دوا شوێنی خاچ دروشمەکانەکان لە خۆرهەڵات و بەمەش بوونیان نەما و سڕانەوە، جگە لە قوبرس هیچ شوێنێکی تریان بەدەستەوە نەما: دوای نزیکەی (٢٠٠) ساڵ لە هێرش و پەلامار بۆ سەر موسڵمانان لە خۆرهەڵات (شاکر، ٢٠١١، ٢|٥٥٩؛ برون, 267-2692009) .

ئەگە سەیری بکەین دەبینین خاچ دروشمەکان لەسەرەتادا چەند لە چەند جەنگێکدا بەسەر موسڵمانەکاندا سەرکەوتن و دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت و چەند میرنشینێکی خاچپەرستیان تێدا دەمەزراند (بیت المقدس، ئەنتاکیە، تەرابلوس و عەککا)، بەڵام موسڵمانەکان توانیان هەموو ئەوناوچانە لەدەست خاچ دروشمەکان دەربهێنن و کۆتایی بەم میرنشینە خاچ دروشمیانە بهێنن، بێگومان ئەمەش دوای چەندین جەنگ و شەڕ و پێکدادانی سەربازی کە چەندین کەس لە مەسیحیەکان و موسڵمانان کوژران و بریندار و دیل بوون.

**تەوەرەی سێیەم/شروڤەی چەند کاریگەریەکی هێرشەکانی خاچ دروشمی لەسەرلایەنی ئاینی وکۆمەڵایەتی**

**یەکەم / کاریگەری هێرشەکانی خاچ دروشمەکان لەسەر لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی موسڵمانان**

گرنگترین کاریگەریەکانی ئەم هێرشانە لە سەر موسڵمانەکان بەکورتی ئەمانەبوون:

موسڵمانان لە خۆرهەڵات بەشێوەیەکی گشتی و وڵاتی شام و جەزیرە بەتایبەتی بەر لە هێرشەکانی خاچ دروشمەکان لە دۆخێکی پێشکەوتوودابوون، مەزهەبی سوننی و لەسەردەمی فاتمیەکانیش لە میسر و شام مەزهەبی شیعە بووە لە ململانێ دا بوون، لەبەرامبەردا ئەوروپا لە قۆناغێکی زۆر دوا کەوتوودا بوون کە بە (سەردەمە تاریکەکان ) ناودەهێنرێت، شەڕی خاچ دروشمەکان زیاتر لە(٢٠٠) ساڵی خایاند، لەم ماوەیەشدا دەیان بگرە زیاتر شەڕ و بەریەکەوتن و رێکەوتن و پەنا بردنە بەریەکی تێدابووە، چەندین کارلێکی شارستانی و ژیاری لە نێوانیاندا روویداوە (البواعنة، ٢٠٠٧، ٢٧؛ زەینەل، ٢٠١١، ٢٩٥).

**-زیانی گیانی**: وەک پێشتر لە کاتی هێرشەکاندا ئاماژەمان پێدا، کە زیانی گیانی زۆر بەر موسڵمانان کەوت کە بە هەزاران لە موسڵمان(ژن، منداڵ، پیرو پەککەوتە،...) لە جەنگەکاندا کوژران بە تایبەتی لە هێرشەکانی سەرەتادا موسڵمانێکی زۆر قەتڵو عام کران وەک لە(انتاکیە و قودس، میسر...)جگە لەوێرانبوونی چەند شاروشارۆچکەیەك لە ئەنجامی جەنگەکانی خاچی (ابن قلانسي، ١٩٠٨، ٦٣؛ النقاش، 1958، 139-138).

گێڕەرەوەکان لە خەمڵاندنەکانیان بۆ ژمارەی کوژراوەکان جیاواز بوون؛ هەندێکیان بە سەد هەزار و هەندێکی تریان بە بیست هەزار خەمڵاندووە، بەڵام زۆرینەیان بە حەفتا هەزار خەمڵاندووە ( سبط ابن الجوزي، ١٩٨٧، ٦٥٤).

بۆچوونی تر هەیە رەنگە زیادەڕەوی تێدا بێت کە دەڵێن: بەپێی ئەو ئامارانەی کە سەرچاوە سەرەکیەکانی خاچپەرستان و موسڵمانان بڵاویان کردۆتەوە، ژمارەی ئەو موسڵمانانەی کە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە سەربڕدراون لە رۆیشتنیان لە قوستەنتینیە تا داگیرکردنی قودس نیو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ و کۆرپەی تێدایە. چەندین مێژوونووس بە وردی باسی ئەو شێوازە ترسناکانەیان کردووە کە خاچپەرستان بەکاریان هێناوە بۆ کوشتنی ئەم کەسە بێتاوانانە، دەوترێت شەقام و کۆڵانەکانی قودس پڕ بوون لە کەللە سەر و ئەندامەکانی موسڵمانان، کە خاچپەرستان نەیانتوانیوە لاببەن بەهۆی ژمارەیەکی زۆرەوە، (ابن موسي، ١٩٨٣، ٧٨-٧٩).

ماستناک دەڵێت: تاکۆتایی سەدەی شەشەمی کۆچی/سەدەی ١٢ی زایینی، جەنگە خاچپەرستەکان لە بزووتنەوەیەک بۆ ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز وەستابوون و لەبری ئەوە بوون بە "بزووتنەوەیەک بۆ قڕکردنی موسڵمانان (ماستناك، ٢٠٠٣، ١٧٢-١٧٣).

**-ڕێگریکردن لەئەنجامدانی نوێژ و ئەرکە ئاینییەکان:** ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی نوێژ و ئەرکە ئاینیەکان لە هەندێک ناوچە بەنمونە اسامەی کوڕی منقذ کەخۆی شاهێد حاڵی ڕووداوەکان بووە لە قودس دەڵێت:(هەرکاتێک چووبام بۆ مزگەوت لە قودس خاچ دروشمەکان ڕێگریان دەکرد کە نوێژ لە مزگەوت بکەم و لەناو نوێژدا ڕوویان دەسوراندم)، هەروەها اسامە دەڵێت:( لە ناشرینی ئەفرەنجەکان ئەوەبوو کە خودایان پێ ناشرین بووە)(منقذ،1992، 134).

**-کۆچکرن و ئاوارەبوونی موسڵمانەکان:** بەهۆی هێرشەکانی خاچیەکان بەشێکی زۆر لە موسڵمانەکان جێگە و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت لە ناوچەکانی میسر و شامی لەسەرەتای هێرشەکاندا و لە جێگەی موسڵمانەکان ژمارەیەکی زۆر خێزانی مەسیحیان نشتەجێ کرد ( فليب حتي، بدون سنة، ٣٩٤-٣٩٥)هەروەکو فۆرشیە شارتەری دەڵێت: ئێستا ڕۆژئاواییەکان بوون بە ڕۆژهەڵاتی (الشارتري، ١٩٩٠، ١٠٧؛ النقاش، ١٩٥٨، 144-145) .

پاشاکانی شانشینی خاچپەرستان سیاسەتێکیان پەیڕەو کرد کە ئامانجی هاندانی کۆچی خەڵکی ناوچەکانی خاچی بوو بۆ قودس لە ڕێگەی چەندین ڕێگەی جیاوازەوە، دیارترینیان دەرکردنی فەرمان بوو بۆ هاندان و ئاسانکاری بۆ کۆچکردن و نیشتەجێبوونی مەسیحیە ئەوروپییەکان لە قودس (الصوري، ٢٠٠٣، ١|٤٧٢).

هەواڵی سەرکەوتنەکانی جەنگی خاچپەرستی یەکەم کاریگەری هەبوو لەسەر هاندانی ئەوروپیەکان بۆ هاتن بۆ شانشینی خاچپەرستان لە لایەک و بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی لە لایەکی دیکە. بۆیە کۆمەڵێک خاچپەرستان لە فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژئاوا هاتن بەرەو ڕۆژهەڵات (الشارتري، ١٩٩٠، ١١١؛ قاسم، ١٩٩٣، ٢٣٣).

هەندێکیان دەیانگوت: "وەک ئەوە وایە ئەوروپا لە ڕەگەوە هەڵکێشرابێت و هاتبێتە ڕۆژهەڵات، خاچپەرستان هاتبوون بۆ نیشتەجێبوون، خزمەتکار و کۆیلە و شوێنکەوتوو و ڕێبوار و نووسەر و شاعیر و پیاوی کڵێسا و ژن و منداڵیان لەگەڵ خۆیان هێنا (النقاش، ١٩٥٨، ١٥٣،١٤٦).

**گۆڕانی دیمۆگرافیای ناوچەکان:** یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم کۆچانە کاریگەری نەرێنی لەسەر دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان بوو. هەندێک ناوچە لە ئەنجامی ئاوارەبوونی زۆرەملێی دانیشتووان بۆ ناوچە سەلامەتترەکانی ژێر کۆنترۆڵی موسڵمانان بێ دانیشتوو بوون. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دیمۆگرافیای زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەستی فرانکییەکان، کە کەمینەیان گۆڕی بۆ زۆرینە. فەلەستین کە سەردەمانێک زۆرینەی ئیسلامی بوو، بوو بە شانشینی لاتینی و خاچی لەوکاتەدا (قاسم، ١٩٩٣، ٢٢٥)..

**-تێکدانی مزگەوت و کردنی بە کەنیسە و دێر:** تێکدان و روخاندنی مزگەوت و کردنی بە کەنیسە و دێر لە هەندێک لە ناوچەکان وەک اسامەکوڕی منقذ دەڵێت:(چووم بۆمزگەوتی

ئەقسا لە قودس کە لە تەنیشت ئەوەوە مزگەوتێکی لێبوو ئەفرەنجەکان کردبوویان بە کەنیسە)،(منقذ،1992، 134).

- **ڕاگرتنی کارکردن بەشەریعەتی ئیسلام و کارکردن بەیاسای خاچ دوشمی**: لەو ناوچانەی کە خاچدروشمەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو شەریعەتی ئیسلام وەک دەستورو یاسا قەدەغەکرا لە لە جێگەی ئەودا کار بە عورف و یاسای خاچدروشمی کرا، اسامەی کوڕی منقذ دەڵێت:( لە نابلس کێشە لەسەر زەویەکی کشتوکاڵی دروستبوو فەرمانڕەوای ئەم شوێنە پەنای بۆ یاسای ئەفرەنجی (خاچدروشمەکان) برد بۆ یەکلا کردنەوە ی کێشەکە لە جیاتی شەریعەتی ئیسلام(منقذ،1992، 137-136).

-**گۆڕینی ڕێگای کاروانی حاجیانی موسڵمان:** حاجیانی موسڵمان لە باکوری ئەفریقا و ئەندەلوس لەبەر مەترسی خاچیەکان، لەبەر ئەوەی خاچیەکان دەستیان گرتبوو بەسەر فەلەستین و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ یە ڕێ (حەج)ی خەڵکی ئەندەلوس و باکوری ئەفریقا نائارام بوو، بۆیە حاجیانی ئەم ناوچانە بەرەو میسر دەچوون و دواتر بۆ ڕێی نیل و بەرەو باشوری قاهیرە و پاشان دەچوونە ناو دەریا بەرەو وڵاتی پیرۆز (مەککە و مەدینە )، (حسن ابراهیم ، بلا تاریخ، ٤٢؛زەینەل، ٢٠١١، ٣٠١؛ برون، ٢٠٠٩، ٢٧٠-٢٧١).

-**زیندووکردنەوەی جیهاد:** لەسەرەتای جەنگی خاچ دروشمەکان گیانی دەستەوستانی شکست لەناو موسڵمانان بڵاوبۆوە، ئەمەش بەهۆی ئەو شکستانەی کە لەسەرەتای ئەوجەنگانەدا تووشی موسڵمانان بوو بە تایبەتی قودس و ناوچەکانی تر، بەڵام ئەمە کاریگەری گەورەی کردەسەر موسڵمانان و گیانی( جیهاد)ی زیندو کردەوە لە ناو موسڵماناندا، دەرکەوتنی پەروەردەو فێرکردن و جوڵانەی لەسەردەمی زەنکی و ئەیوبیەکان هانی بزوتنەی (جیهاد)یاندا دژی خاچ دروشمەکانەکان، بەهۆی ئەم گرنگی دانە زۆرە مۆڵەتێکی زۆر درا لە بواری ئاینی و زانستی شەرعی لە میسر و شام، دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریش زۆر هانیدان.هاندانی خەڵك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچ دروشمەکانەکان و جیهاد (البواعنة، ٢٠٠٧، ٣٣٨)، وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت﴿ الشهر الحرام بالشهر الحرام والحرومات قصاص فمن اعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم واتقوا الله واعلموا ان الله مع المتقين ١٩٤﴾ القران الكريم، سورة البقرة :١٩٤)، وە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت {مثل المجاهد في سبيل الله – والله اعلم بمن يجاهد في سبيله –كمثل الصائم القائم، وتوكل الله للمجاهد في سبيله بان يتوفاه ان يدخله الجنه، او يرجعه سالما مع اجر او غنيمه} (البخاري، بلا تاريخ، ٤|١٥، رقم: ٢٧٨٧)، کوردیش بەتایبەتی لە ناوچەکانی شام و میسر لە چوارچێوەی سوپای ئیسلام بەشداریەکی کاریگەری هەبوو لە جیهاد لە پێناو خودادا نمونەش نورالدین، صلاح الدین، زاهیر بیبرس ...، ئەمەش گیان و سۆزی موسڵمانانی خرۆشاند و یەکی خستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچ دروشمەکانەکان و ئازادکرنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، هەروەها خاچ دروشمەکانەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ موسڵمانان و هێزو توانای ئەوانیان بینی لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا .

-**بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی** لەسەردەمی صلاح الدین زۆر گرنگیاندا بەبڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی و فقهی مالکی لە ناوچەکانی میسر و شام و یەمەن، کە پێشتر لەسەردەمی فاتمیەکان مەزهەبی شیعی لەم ناوچانە بڵاوبوو...

**لێبوردەیی:** صلاح الدین ی ئەیوبی کاتێک لە (583 ک/ 1187م) قودسی ڕزگارکرد. تۆڵەی لە خاچپەرستان نەکردەوە، بەڵکو لێبوردەییەکی نموونەیی بەرامبەر بە خاچپەرستان نیشان دا (ابن شداد، 2000، 66).

**دامەزراندنی چەند قوتابخانە و دامەزراوەیەکی ئایینی:** زەنکیەکان لە (حلب و دیمشق، میسر... )دا چەندین قوتابخانە کرانەوەو هەروەها نۆژەنکردنەوەی (الرباط و الخانقات و المسجد) لەسەردەمی ئەیبیەکان و مەمالیکەکانیش گرنگی پێدراوە (البواعنة, ٢٠٠٧، 338).

صلاح الدين ئەیوبی[١] کۆتای بە خەلافەتی فاتمی هێنا و وتاری بۆ خەلیفەی عەباسی خوێندەوە و دەوڵەتی ئەیوبی دەمەزراند لە (٥٦٩ك\١١٧٤ز) دا ناوچەکانی میسر و شام حلب و ... دەگرتەخۆ هەروەها مەزهەبی شیعەی قەدەغەکرد و مەزهەبی سونی بڵاکردەوە، کۆتای بە وتارخوێندنەوە بۆ خەلیفە عازدی فاتمی هێنا و وتاری بۆ خەلیفەی عەباسی مستضی. بامرالله خوێندەوەو هەستا بەگەڕاندنەوەی دروشم و شیعارەکانی عەباسی(محمد، ٢٠١٢، ١٩؛ الهاشمي، ٢٠٠٦، ٤٢٨)، دواتریش بە هۆی ململانێ لە نێوان بنەماڵەی ئەیوبی ئەم دەوڵەتەش لاواز بوو کوتای پێهات بە کوژرانی (تورانشا) مەمالیکەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست (زەینەل، ٢٠١١، ٣١٢).

**-دەرکەوتن و ڕۆڵی چەندین زانای موسڵمان:** هەروەها کاریگەریان، چەندین زانای موسڵمان وەك ئیبن مەسکەویەو خازن و ئیبن خەلدون و ئیبن نەفیس و ئیبن هەیثەم و بەتتانی و فەرغانی و کندی و خوارزمی و بیرونی و غافقی و قەزرويني و جابر بن حەیيان و ئیبن بەیتار و داودی ئەنتاکی و ئیبن سینا و رازی و ئیبن روشد، ....هتد کە فکر و بەرهەمەکانیان لە ئەوروپا و زانکۆکانیان دەخوێندرا تا ماوەیەکی زۆر نزیك سەدەی نۆزدە .

**-وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز** بۆ سەر زمانی لاتینی و زمانە ئەوروپیەکان و هەروەها فێربوونی زمانی عەرەبی گرنگی پێدانی لەلایەن ئەوروپیەکانەوە و هەروەها وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانی عەرەبی بۆ بڵاوکردنەوەی لەناو موسڵمانەکان، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیان دابوون (برون، ٢٠٠٩، ٢٧٦-٢٧٨).

**دووەم / کاریگەری هێرشەکانی خاچی لەسەر لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی خاچ دروشمەکان**

بەکورتی چەند کاریگەریەکی جەنگی خاچ دروشمی لەسەر ئایینی مەسیحی دەخەینە ڕوو:

**-زیانی گیانی:** هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە کاتی هێرشەکان هەزارن سەربازی خاچی کوژران، هەروەها هەزارانی تر لە خاچیەکان برینداربوون و بە دیلی کەوتنە دەست موسڵمانەکان (النقاش، ١٩٥٨، ٣١١144-145؛ امين, 2024، 3-2).

**دروستکردنی چەند میرنشینێک خاچی:** دوابەدوای ئەمەش ئەنجومەنێک کۆبووەوە بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لە بۆ ئەوەی ببێتە پاشای قودس. دوای مشتومڕ و نارەزایەتییەکان، چوار کاندید هەڵبژێردران: گۆدافرۆید، ڕیمۆند، دوکی نۆرماندی و تانکرێد. لە کۆتاییدا لیژنەیەکی دە قەشە و کەسانی دیکەیان دانا بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو چوار کەسەی کە باسکراون. لیژنەکە کۆبووەوە و بڕیاردرا فەرماندە گۆدافرۆ هەڵبژێردرێت. کاتێک دەیانویست تاجی سەری دابنێن بۆ ئەوەی ببێتە پاشای قودس، ڕەتیکردەوە تاجەکە بکاتە سەر و وتی: ناتوانێت تاجێکی زێڕین لەسەر سەری دابنێت کە بە بەردی بەنرخ چەقێنراوە لە وڵاتێکدا کە یەزدانی مەسیح تاجی دڕکی لەسەر دانراوە. ڕەتیکردەوە بە پاشای قودس ناوی لێ بنرێت، بەڵکو بە پارێزەری گۆڕی مەسیح ناوی بهێنرێت (الحريري، ١٩٨٥، ٤٨).

٤) میرنشینی خاچ دروشمەکانان دامەزراند وەك( روها، بیت المقدس، ئەنتاکیە، تەڕابلوس )، خەڵکێکی زۆر لە خاچ دروشمەکانەکان تیایدا نشتەجێ بوون و کە پێشتر موسڵمانەکان ئەم ناوچانە لە ژێردەستیاندا بوو(ابن قلانسي، ١٩٠٨، ١٣٤-١٣٦؛ ريمون سانجيل، ١٩٩٥، ١٢٠؛

الشارتري، ١٩٩٠، ٥٨،٦٨؛ سبانو، بدون سنة، ٥٦-٦٠؛ فارق, ٢٠٠٧، ١٥٢؛ برون، ٢٠٠٩، ٤٣-٤٤).

ئەنجامدانی کردەی قێزەون و کوشتنی بە کۆمەڵ: کاتێک خاچپەرستان لە حوزەیرانی ساڵی(٤٩٣ی کۆچی/١٠٩٩م) گەیشتنە بەردەم قودس، مێژوونووسانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شەڕە خاچپەرستەکان، وەک ڕیمۆند دی سانت گیلز، ئیبن ئەلجوزی و ئیبن کثیر، باسی درندەیی خاچپەرستان کردووە لە قودس لە ڕوی کوشتن زیادەڕەویکردنەوە (ابن الجوزي، 1992، 17|47؛ ابن الكثير، 1998، 16|166؛ سانجيل، 1995، 6|295 ).

**-دەرکەوتنی چەند کۆمەڵێکی ئاینی مەسیحی جەنگاوەر**: وەك سوارەکانی پەرستگا (داویە) کە ئەمە دەستەیەکی سەربازی ئاینی سەر بەکڵێسا بوون، هەروەها دەستەی (ئیسبتاری) کەدەستەیەکی ئاینی سەربە نەخۆشخانەی (قديس يو حەننا مەقديسی ) بوون (سميث، ١٩٧٩، ١٥)، هەروەها سوارەکانی (تیتۆن ) کە دەستەیەکی سەربازی ئاینی مەسیحی لە ئەڵمانی بوون، هەموو ئەم کۆمەڵانە بەهۆی جەنگی خاچپەرستیەوە دامەزران و هەمووشیان لە جەنگەکاندا بەشداربوون دژی موسڵمانەکان و بە جیاوازی کات و شوێن بەشداریانکرد (شاكر، ٢٠١١، ١|٥٢٦؛ برون، ٢٠٠٩، ٢٧٣-٢٧٤)..

**-نشتەجێبوونی مەسیحیەکان لە ناوچەکانی میسر و شام:** خاچیەکان لە ناوچەکانی میسر و شامی لەسەرەتای هێرشەکاندا دەستیان بەسەردا گرتبوو ژمارەیەکی زۆر خێزانی مەسیحیان نشتەجی کرد تێکەڵاوبوونی موسڵمان و مەسیحی دروست بوو( فليب حتي، بدون سنة، ٣٩٤-٣٩٥)هەروەکو فۆرشیە شارتەری دەڵێت: ئێستا ڕۆژئاواییەکان بوون بە ڕۆژهەڵاتی (الشارتري، ١٩٩٠، ١٠٧؛ النقاش، ١٩٥٨، 145-144) .

لە لایەکی دیکەوە، سەبارەت بە قودس، پرسی هاندانی کۆچی ڕۆژئاوایی بۆ قودس دەبینینەوە. هەواڵی سەرکەوتنەکانی جەنگی خاچپەرستی یەکەم کاریگەری هەبوو لەسەر هاتنی ئەورووپیە خاچیەکان بۆیە کۆمەڵێک خاچپەرستان لە فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوا هاتن بۆ دوو ئامانج یەکەم نشتەجێ بوون شانشینی خاچپەرستان لە لایەکی تر بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی. (الشارتري، 1990، 111؛ قاسم، 1993، 233).

زۆرێک کۆچیان کرد بۆ قودس و پاشا باڵدوین بەشێکی زۆری شارەکەی پێبەخشین، لەوێ لە باکووری ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون، لەو شوێنەی کە پێشتر بە گەڕەکی جولەکەکان ناسرابوو (الصوري، 2003، 1|560؛ الشارتري، 1990، 109-110).

کۆچی بەکۆمەڵی هەموو نەتەوە ئەورووپییەکان کە بە دەیان هەزار مەزەندە دەکرا، بەردەوام بوو، لەوانە سەربازە خاچیەکان، بازرگانان، زیارەتکاران و پیشەگەرەکان، لە ساڵی (٥٢١ی کۆچی/١١٢٧ز)، شا باڵدوینی دووەم هیو دی بانیس نارد بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی ئەورووپییەکان هان بدات بچنە شانشینی خاچپەرستان بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی موسڵمانان بکەن و لەمیرنشینە خاچیەکاندا نیشتەجێ بن. سانت بێرنارد، ئابۆتی کلێرڤۆکس، یارمەتی هیوی دا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی کە هاندانی توخمە ئەورووپییەکان بوو بۆ کۆچکردن بۆ قودس، دەستی کرد بە بانگەوازکردن لە خەڵکی ڕۆژئاوا کە پەیوەندی بە ڕێکخراوی شورشگێڕانی تەمپلارەوە بکەن، هیو لە فەرەنساوە ڕووی لە ئینگلتەرا کرد و هاوکارییەکانی کۆکردەوە و شورشگێڕەکانی کۆکردەوە. هیو دی بانیس تا ساڵی ٥٢٤ی کۆچی/١١٢٩ی زایینی بەردەوام بوو لە گەشتەکەی لە ئەورووپا، و توانی ژمارەیەکی زۆر هانبدات و بێن، لەکاتێکدا لە پێشتر لە سەرەتای ساڵی ٥١٤ی کۆچی/١١٢٠ی زایینی فەرمانێکی دەرکرد کە دانیشتوانی مەسیحی شارەکەی لە باج لەسەر ئەو

کاڵایانە بەخشی. کە بازرگانییان پێوە دەکرد و زۆر باجی دیکەی هەڵوەشاندەوە. لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە هانی کۆچبەری دا و ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی زیاد کرد (الشارتري, 1990، 189؛ الصوري, 2003، 1| 576-577).

- **بەهێزبوونی قەڵەمڕەوی پاپا:** ئەگەر پێشتر پاشایانی ئەوروپا لە دەسەڵاتی پاپا هەڵدەگەڕانەوە، بەڵام لەوکات بەدواوە ملکەچی قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی پاپا بوون، چونکە پاپا ڕێبەری جەنگێکی پیرۆزی دەکرد کە مافی لێخۆشبوون لە تاوانی بەبەشداربووانی دەبەخشی. هەروەها بڕیاری بێبەریکردنی دەردەکرد بۆ هەر کەسێك کە کەمتەرخەمی نواندبایە لە بەشداریکردنی ئەم جانگانە دژ بەموسڵمانان (شاكر، ٢٠١١، ١|٥٢٦)، (برون، ٢٠٠٩، ٢٧٣-٢٧٤).

-**سەپاندنی چەند باجێکی نوێی ئاینی لە ئەوروپا:** خاچ دروشمان هەر لەسەرەتاوە هێرشەکان ڕووبەڕووی کێشەی دابینکردن بوونەتەوە، ئەم هێرشانە پێویستی زۆریان بە خەرجی بوو کە خۆیان نەیاندەتوانی دابینی بکەن سوپا ئامادەبکەن، بۆیە پشتیان بە بەخشین و بەخشش دەبەست، هەندێکیان موڵک و ماڵی خۆیان بە ڕەهن دەبەخشی. بە دێر و کڵێساکان، هەندێکی تریان پەنایان بۆ وەرگرتنی پارە لە جولەکەکان دەبرد (قاسم، ١٩٩٣، ١٣٩).

دواتر بەهۆی بەردەوامی جەنگی خاچیەوە لەلایەن پاپا و پیاوانی ئاینی باجی (دەیەکی شەری خاچی – عشور حرب الصليبية) بەخشش و هاوکاری سەپاند، هەروەها پاشاکانی ئەوروپاش چەند باجێکی ئاینیان سەپاند بەناوی (دەیەکی چاکسازی ئاینی –عشور حرب الصليبي) وەك لویسی حەوتەم و نۆیەم بۆ ئامادەسازی بۆ شاڵاوی خاچی و فلیپ ئۆگەستیش بۆ هەمان مەبەست و وە ڕیچارد شێر دڵ و هنری دووەم ... ئەم کارەی کرد (زەینەل، ٢٠١١، ٣٠٠).

فرۆشتنی چەکی لێخۆش بوون: وەک پاپا ئوربانی دووەم لەبەرامبەر ئامادەبوان وتی: "من قسە لەگەڵ ئامادەبووان دەکەم، و بۆ ئەوانەی کە ئامادەنەبوون ڕادەگەیەنم، و لەوەش زیاتر، عیسا مەسیح(ع.س) فەرمان دەکات: هەرکەسێک بچێت بۆ ئەم جەنگە، لەگوناهەکانی خۆش دەبێت گەر شەڕ لەگەڵ کافرەکان دەکات(مەبەستی موسڵمانەکان بوو). ئەمە دەبەخشم بە هەموو کەسێک کە دەچێت، هێز لەو دەسەڵاتە وەردەگرێت کە خودا لە مندا دایناوە." (المجهول، 1985، 6|36).

-**بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و دروستکردنی کەنیسە و دێر:** خاچیەکان لەناوچەکانی میسر وشام و قودس چەندین کەنیسە و دێریان دروستکرد و گرنگیان دەدا بە بڵاوکردەوە ئاینی مەسیحی، بەنمونە، تێکدان و ڕوخاندنی مزگەوت و کردنی بە کەنیسە و دێر لە هەندێک لە ناوچەکان وەک اسامەکوڕی منقذ دەڵێت:(چووم بۆمزگەوتی ئەقسا لە قودس کە لە تەنیشت ئەوەوە مزگەوتێکی لێبوو ئەفرەنجەکان کردبوویان بە کەنیسە)،(منقذ،1992، 134).

ئەم کارەی خاچپەرستان تەنیا لە شاری قودسدا سنووردار نەبوو، بەڵکو لە زۆربەی شارەکانی فەلەستین بوو، وەک سێباستیا، کە مەزارگەی زەکەریا کرا بە کڵێسایەک، لەوێ مزگەوتی ئیبراهیمی کرا بە کڵێسایەک کە بە: ئیبراهیمی پیرۆز، کە بەشێک لە مزگەوتەکانی کرابوونە کڵێسا(یوحنا فورزیوغ، ١٩٩٧، ٥١). 69؛ سایولف، 1997، 42،30].

دوای گرتنی قودس، خاچپەرستان کاریان کرد بۆ چەسپاندنی بوونی خۆیان لە قودس لە ڕێگەی سێ شێوازەوە:

یەکەم: بە دروستکردنی ژمارەیەک دێر و کڵێسا.

دووەم: بە هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی پاشماوەی پیرۆزەکان، بەو پێیەی خاکی پیرۆز دەوڵەمەند بوو بەو جۆرە شوێنەوارانە. پاشماوەی هەندێک تەرمیان لە شوێنی جیاواز دۆزیەوە؛ بۆ نموونە ئێسکی پیاوسالاریان لە حەبرۆن دۆزیەوە و بە ئیدیعای خۆیان بزماری خاچیان دۆزیەوە.

سێیەم: گۆڕانکارییان لە کەنیسەی گۆڕی پیرۆزدا کرد (سبانو، بدون سنة، ٩٤-٩٥).

**-زیاتر گرنگیدان بەمەراسیمی حەج:** خاچپەکان دوای گرتنی قودس بە ژمارەی زیاتر دەهاتن بۆ ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستیاندابوون بۆ حەج، بەتایبەت شاری (قودس ) زۆر گرنگ بوو بۆ مەسیحیەکان بۆ مەراسیمی حەج، چونکە بە هۆی بوونی گۆڕی مەسیح و کەنیسەی (القیامە) و هەروەها پێیان وابوو (صلیب الصلبوت) خاچی خاچەکان لەوێیە، مەسیحیەکان لەوی مەراسیم وتقوسە ئاینیەکان و نوێژیان ئەنجادەدا (البواعنة، ٢٠٠٧، ٤٠٧) .

**-قوڵبوونەوەی ململانێی نێوان کڵێسای کاثۆلیکی و کڵێسای ئەثۆدۆکسی-:** لە ڕۆژهەڵات بەهۆی جەنگەکانی خاچییەوە (امین, 2024 ,3-2).

پاپا ئۆربانی دووەم دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژ و قووڵ کەتێیدا قازانج و زەرەری حیساب کردووە. تەنانەت هەڵبژاردنی شاری کلێرمۆنت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنساش بە مەبەست بووە. پاپا ویستی پلانەکەی گریگۆری بگەیەنێتە کۆتایی و دەسەڵاتی پاپای خۆی بەسەر هەموو ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتدا درێژ بکاتەوە. لەڕاستیدا ژمارەیەک لە مێژوونووسان پێیان وایە شەڕە خاچپەرستەکان بە پلەی یەکەم بۆ مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بووە نەک موسڵمانەکانی، چونکە ئەم مەسیحیانە بە توندی ڕەتیانکردەوە ملکەچی پاپایەتی ڕۆما بن (عاشور، ١٩٥٨، ١|١٣١).

**گواستنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی(فیوداڵ)**ی بۆخۆرهەڵات لە جەنگی خاچپەرستی ساڵی(490هـ|1096م) سیستەمی (فیوداڵی) دەرەبەگایەتی لەگەڵ خۆی هێنا قودس ئەو ناوچانە بەپێی دابەشکاری جوگرافی و زمانەوانی دابەشبوونی ئەو ناوچانە کە خاچدروشمان لێی هاتبوون، ئەوان لەسەر خاڵێکی کۆبوونەوە لە ڕۆژهەڵات ڕێککەوتن و هەریەکەیان سەرکردایەتی سوپای خۆی بکات، حوکمڕانی ناوچەیەک بکات (قاسم، ١٩٩٣، ١٣٨-١٣٩؛ عاشور، ١٩٥٨، ١|١٤٥).

**-کاریگەری شارستانیەتی ئیسلام لەسەر ئەوروپا:** هێرشەکانی خاچی ژیار و شارستانیەتی ئیسلامیان بە شێوەیەکی قوڵتر و وردتر بە ئەوروپا ناساند کە دواتر لە ڕێنسانسدا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئەوروپیەکان .

**- شکاندنی بازنەی پیرۆزی ئاینی مەسیحی:** کاریگەری هێرشەکانی خاچی لەسەر ئاینی مەسیحی و پیاوانی ئاینی مەسیحی لە دوای هەڵمەتەکانی سەرەتادا، شکاندنی بازنەی پیرۆزی ئاینی مەسیحی بەهۆی بەرژەوەندیخوازی سەرکردەو پیاوانی ئاینی بۆ لایەنی مادی و دەسەڵات ...

**-وەرگێڕانی ئینجیل:** فێربوونی زمانی عەرەبی گرنگی پێدانی لەلایەن خاچیەکان،وە هەروەها وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی عەرەبی بۆ بڵاوکردنەوەی لەناو موسڵمانەکان، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیاندابوون (برون، ٢٠٠٩، ٢٧٦-٢٧٨).

## ئەنجام

١- شاڵاوەکانی خاچ دروشمەکان بەو هێرشە سەربازیانە دەگوترێت کە ئەوروپای کاثۆلیکی کردیانە سەر موسڵمانان لەخۆرهەڵات، بەگشتی مێژوونووسان بەهەشت هێرشی سەربازی خاچ دروشمەکان ناویان دەهێنن، لە ماوەی نزیکەی (٢٠٠) ساڵدا لە نێوان ساڵانی (١٠٩٦-١٢٩١ز) دا.

٢- دروشمی سەرەکی ئەم شاڵاوانە ئاینی بوو ئەگەر چی پاڵنەری ئابوری و کۆمەڵایەتی،...تری هەبوو، پاپا گریگۆری و دواتر لەسەردەمی پاپا ئوربانی دووەم لە کۆبوونەوەی (کلیرمۆنت ) لە فەرەنسا دا، بڕیاریدا و بانگەی بۆ ئەم شاڵاوانە کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە پاشا و سەرکردە و گەورە دەرەبەگەکانی ئەوروپا و پیاوانی ئاینی تیایدا بەشداربوون، خۆی سەرپەرشتی شاڵاوەکانی دەکردو هانی خەڵکی دەدا .

٣- بەشێوەیەکی گشتی گەلانی ئەوروپا بەشداری ئەم شاڵاوەیان دەکرد، بەڵام فەرەنسیەکان لە هەموویان زیاتر بەشداربوون، وە چەندین پاشا راستەوخۆ سەرکردایەتی هەندێ لە شاڵاوەکانیان دەکرد، لەدوای ئەوانیش ئەڵمان و ئیتاڵیا و ئینگلیزەکان و ...هتد.

٤- بارودۆخی جیهانی ئیسلامی بەگشتی پەرتەوازە بوو چەندین دەسەڵات و حوکمی جیاواز هەبوون وەك خەلافەتی لاوازی عەباسی و بوەیهیەکان و خەلافەتی فاتمی و خەلافەتی ئومەویەکان لە ئەندەلوس و دەسەڵاتی زەنگیەکان، دەوڵەتی سەلجوقیەکان لە ئەنادۆڵ (قۆنیه)، کە ئەم هەموو جیاوازی و پەرتەوازەییە هاندەر بوو بۆ خاچ دروشمەکانەکان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەریان .

٥- ئەم هێرشانە لە ژێر ناوی ئایندا کرانە سەر موسڵمانەکان و وەك ڕزگارکردنی قودس یان حەجی پیرۆز یان گێڕانەوەی خاچ دروشمەکان پیرۆز یان گەشتێك بۆ خۆرهەڵات...هتد.

٦- شاڵاوەکانی خاچ دروشمەکان زیانی گەورەی گیانی و مادیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر مەسیحی و موسڵمان کوژران و برینداربوون .چەندین مزگەوت و ناوەندی ئاینی ڕوخێندران و کران بە کەنیسە و کڵێسا و دێر، موسڵمانان دەچەوسێندرانەوە و ئاوارەبوون لە ناوچەکانیان بە هۆی ئەم شاڵاوانەوە.

٧- خاچ دروشمەکانەکان لە شاڵاوەکانی سەرەتادا سەرکەوتوو بوون، چەند میر نشینێکی خاچ دروشمەکانان دامەزراند وەك روها و تەرابلوس ئەنتاکیە و قودس .

٨- موسڵمانەکان لەسەرەتادا بەهۆی پەرتەوازەییان نەیانتوانی بەر بەم شاڵاوانە بگرن، بەڵام دواتر لەسەر دەمی سوڵتان صلاح الدین الایوبی توانیان زۆربەی ناوچەکان لە دەست خاچ دروشمەکانەکان ڕزگار بکەنەوە بە شاری قودسیشەوە، لەساڵی (١٢٩١ز) لەسەردەمی مەمالیکەکان توانیان دوا شوێنیان (عەککا) لەدەستیان ڕزگاربکەنەوە .

٩- ئەو ماوەیە هەموو شەڕ نەبوو بەڵکو ڕێکەوتن و ئاگربەستیش لە نێوانیاندا هەبووە، وەك سەردەمی صلاح الدین و ریچارد، مەلیك کامیل و ئیمپراتۆر فدریکی دووەم ...هتد .

١٠- شاڵاوەکان کاریگەری گەورەیان دروستکرد لەسەر خاچ دروشمەکانەکان و موسڵمانەکانیش لە زۆربەی بوارەکان .

**سەرچاوەکان**

**یەکەم:** کتێبی پیرۆز:

القران الکریم

**دووەم: فەرموودە:**

صحیح البخاری ،الجزئ الرقم :٤،الصحفه ١٥، رقم :٢٧٨٧.

**سێیەم: سەرچاوەی ڕەسەن (المصادر )**

ابن الاثیر: محمد بن محمد بن عبدالکریم بن عبدالواحید الشیبانی الجزری (ت ٦٣٠ھ \١٢٣٢م)، ١٩٩٤، الکامل فی التاریخ، ج١٢، دار الاحیاو التراث العربی، بیروت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي (ت: ٥٩٧هـ)،١٩٩٢، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمّد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلميّة، بيروت.

ابن العديم، عمر بن أحمد (ت: ٦٦٠هـ)، ٢٠٠٦، زبدة الحلب مِن تاريخ حلب، ط٢، تحقيق: سامي الدهان، دمشق.

ابن القلانسي، ابو يعلي حمزة(ت:٥٥٥هـ|١١١٦-م)،١٩٠٨، ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعيين، بدون مكان طبع.

ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد (ت٨٠٨هـ\١٤٠٥م)، ١٩٧٩، تاريخ ابن خلدون، مؤسسه جمال لطباعه والنشر، بيروت.

ابن شداد، بهاء الدين(ت:٦٣٢هـ)، ٢٠٠٠، النوادر السلطانيّة والمحاسبة اليوسفيّة، تصحيح: محمّد الرخاوي، دار المنار، القاهرة.

ابن كثير، عمادالدين إسماعيل بن عمر (ت: ٧٧٤هـ)، ١٩٩٨، ابداية والنهاي٬، تح: عبدالله بن محسن التولي، بدون مطبعة.

اسامه بن منقذ: ابو مظفر مرشد بن على بن مقلد بن النصر الكنانى الكلبى الشيزرى (ت: ٥٨٤هـ\١١٨٨م)، الاعتبار، تحرر، فليب حتى، دار الهلال.

ريمون دي سان جيل(ت: ٤٩٩هـ/ ١١٠٥م): تاريخ الفرنجة،١٩٩٥، ج٦، مِن خلال الموسوعة الشاملة في تاريخ الحروب الصليبيّة، تأليف وتحقيق وترجمة: سهيل زكّار، دار الفكر، دمشق.

سبط ابن الجوزي، يوسف(ت: ٦٥٤ هـ)، ١٩٨٧ مرآة الزمان في تاريخ الأعيان، تحقيق: مسفر الغامدي، السعوديّة، جامعة أم القرى، معهد البحوث العلميّة وإحياء التراث الإسلامي، مركز إحياء التراث الإسلامي، مكّة المكرمة، ١٩٨٧.

فوشيه الشارتري (ت: ٥٢١هـ/ ١١٢٧م)، ١٩٩٠، تاريخ الحملة الي قدس، تر:زيد العسلي، دار الشروق، عمان.

القلقشندى: ابو عباس احمد بن على(ت:٨٢١هـ\١٤١٨م)،١٩٨٧، صبح الاعشى فى صناعه الانشاء، تحليل، نبيل خطيب، ج٥، داركتب العلميه، بيروت.

المقريزي، أحمد بن علي(ت: ٨٤٥ هـ)، ١٩٧٣، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمّد مصطفى زيادة، سعيد عبد الفتاح عاشور، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة.

المقريزي، تقي الدين احمد بن علي(ت:٨٤٥هـ|١٤٤١م)،١٩٩٧، الخطط، تحقيق:محمد زينهم وميحة الشرقاوي،دار مكتبة مدبولي، القاهرة.

مؤلّف مجهول، ١٩٥٨، أعمال الفرنجة وحجّاج بيت المقدس كتب الكتاب حوالي ٤٨٩-٤٩٣هـ/ ١٠٩٥-١٠٩٩م، ترجمة: حسن حبشي، القاهرة.

وليم الصوري، (ت: ٥٨٢هـ/ ١١٨٦م)، ٢٠٠٣، تاريخ الحروب الصليبيّة، ترجمة: سهيل زكّار، دار الفكر، بيروت.

يوحنا فورزبورغ (ت: ٥٢٥هـ/ ١١٣٠)،١٩٩٧، وصف الأراضي المقدّسة في فلسطين، ترجمة: سعيد البيشاوي، دار الشروق، عمّان.


**چوارەم: سەرچاوەی رەسەن بە زمانی کوردی**


ئیبن خەلدون : عبدالرحمن بن محمد (ت٨٠٨هـ\١٤٠٥م) ٢٠١٦، مقدمه ابن خلدون، و. سەعید بەشیر، ب١، چ١، چاپخانەی گەنج.

فارقی: ابو نصر بن اسدی فارق ( ت ٤٨٧هـ \١٠٩٤م)، ٢٠٠٧، مێژووی میافارقین و ئامەد، و. قادر محمد پشدەری، ئاكۆبرهان ،چ١، چاپخانەی مناره، هەلێر.

**پێنجەم: سەرچاوە نوێیە کان بە زمانی عەرەبی**

بابيرى: حكيم عبدالرحمن ٢٠١٠، الدوله الايبوبيه وفق نقريه الدوله لابن خلدون، من منشورات الاكادميه الكرديه، اربيل.

البواعنه : لؤى ٢٠٠٧، دور العلماء المسلمين فى مقاومه الغز و الفرنكى للمشرق الاسلامى، مطبعه اليازورى، عمان.

توماس ماستناك، ٢٠٠٣، السلام الصليبي، ترجمة: بشير السباعي، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.

تيسير بن موسى، ١٩٨٣، نظرة عربيّة على غزوات الإفرنج مِن بداية الحروب الصليبيّة حتّى وفاة نور الدين، الدار العربيّة للكتاب.

جاسم: عباس عاجل، ٢٠١٠، رؤيه المؤرخين المسلمين للحروب الصليبيه، ط١،دار المكتبه البسائر، بيروت لبنان.

حتي، فليب،بدون سنة، تاريخ لبنان منذ العصورالتاريخية عصرنا حاضر، تر:أنيس فريحة، دار الثقافة، بيروت.

حسن: قادر محمد، بدون سنه، اسهامات الكرد فى الحضاره الاسلاميه، ط١، مطبعه الحاج هاشم، اربيل.

الحسين: قصى، ٢٠٠٥، الحضاره العربيه العصر الفاطمى والايوبى، ط١،دارالمكتن الهلال، بيروت.

الحويري، محمود محمّد، ١٩٩٢، بناء الجبهة الإسلاميّة المتّحدة وأثرها في التصدّي للصليبيين، دار المعارف، القاهرة

رنسيمان، ستيفن،١٩٦٧، تاريخ الحروب الصليبيّة، ترجمة: الباز العريني، دار الثقافة، بيروت.

سايولف،١٩٩٧، رحلة الحاج سايولف لبيت المقدس والأرض المقدّسة ١١٠٢-١١٠٣مترجمة: سعيد البيشاوي، دار الشروق، عمّان.

سبانو، بدون سنة طبع، الحج الى بيت المقدس،جمع وترجمة وتحليل، بدون مكان.

سعيد الحريري، ١٩٨٥ الأخبار السنيّة في الحروب الصليبيّة، الإعلام العربي، ط٣، القاهرة،

سميث، جوناثان ريلي، ١٩٧٩، الاسبتارية القديس يوحنا بيت المقدس والقدس، تر: عميد الركن صبحى الجابي، دار طلاس للطباعة والنشر،دمشق.

الصلابى: على محمد، ٢٠٠٩، الدوله الفاطميه، مكتبه حسن العصريه، بيروت.

عاشور: سعيد عبدالفتاح، ١٩٥٨، الحركه الصليبيه –صفحه مشرقه من تاريخ الجهاد العربى فى العصور الوسطى، مكتبه النجلو المصريه ،ط٤ ، قاهره.

العفيفى: عبدالحكيم، ٢٠٠٠،موسوعه (١٠٠٠) مدينه الاسلاميه، ط١، اورا قشرقيه، بيروت ، لبنان.

عمران: محمود سعيد، ١٩٩٩، تاريخ الحروب الصليبيه ١٠٩٥-١٢٩١م، ط٢، دارالنهضه العربيه، بيروت،.

قاسم: قاسم عبده، ١٩٩٣، ماهيه الحروب الصليبيه ،د،م:عين دراسات الانسانيه والجتماعيه.

محمد: اكو برهان، ٢٠١٢، الحياه الپقافيه فى دياربكر فى العصر العباسى، مطبعه الحاج هاشم، اربيل.

المطوى: محمد العروسى، ١٩٨٢، الحروب الصليبيه فى الشرق والغرب، ط٢، دارالغرب الاسلامى، تونس.

النقاش: زكي، ١٩٥٨، العلاقات الاجتماعيه والثقافيه والقتصاديه بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبيه، دار الكتاب البناني.

**شەشەم :سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی کوردی**

برۆن: جفری برۆن، ٢٠٠٩، پوختەی مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، و. نهاد جلال حبیب الله، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر .

تقوش: محمد سهیل تقوش، ٢٠٠٩، پوختەی مێژیی ئیسلام، و. نهاد جلال حبیب الله، چ١ چاپخانەی ڕۆشنبیر ،لبنان .

توفیق: محمد حسین توفیق، عبدالامیر محمد امین، ٢٠١٣، شارستانیەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست، و. مستەفا سعید علی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕەنجیار: ئەحمەد حمە امین، ٢٠١١، صلاح الدين ەدینی ئەیوبی لای مێژوو نوسانی کورد (شەرەففخان و ...)، چاپخانەی نارین.

زەینەڵ: ئاراس فەریق، ٢٠١١، مێژووی جەنگە خاچ دروشمەکانەکان، چ١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،.

سلامە: اسامە، ٢٠١٦، جەنگە یەکلاکەرەوەکان لە مێژوودا، سەعید بەشیر، چ١، چاپخانەی گەنج.

شاکر: محمود، ٢٠١١، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و. موسى محمد عبدالرحمن، ب ٢، چ١، چاپخانەی گەنج .

صدیق: زرار ، ٢٠١٠.، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی عەبباسی دا، چ١، چاپخانەی خۆرهەڵات، هەولێر.

لویس: بێرنارد، ٢٠١٤ ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و. عەبدوڵا رسولی، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

محمد: عەباس عومەر ، ٢٠١٠، مێژووی کوردە ئەیوبیەکان ،چ١، چاپخانەی چوار چرا .

ئازاد: کەیوان ، ٢٠١٣، مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاست، چ١،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .

یوسف: عەبدولقادر ئەحمەد، ٢٠١٢، مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا (٤٧٦-١٥٠٠)، و. شاناز رەمزی، چ١، چاپخانەی رشێنما، سلێمانی.

**حەوتەم: ماستەرنامە**

عبدالرحمن: سوزان فیصل، ٢٠١٠، هەلمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران(٦٤٧-٦٤٨ك\١٢٤٩-١٢٥٠ز) ...ماستەرنامە (بلاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەرین.

وفاء شابو، أميرة بوزهير،٢٠٢٣، (الريسالة ماجستير) أثر الصراع الاسلامي الصليبي في بلاد الشام علي الحياة الاجتماعية والدينية ٥-٦ك|١١-١٢م ، جامعة قالمة، جزائر.

---

Sources

First: The Bible:

The Holy Quran

Secondly: The hadith:

Sahih Al-Bukhari, Part No.: 4, Page 15, No.: 2787 .

Third, the original source

Ibn al-Atheer: Muhammad bin Muhammad bin Abdul-Karim bin Abdul-Wahid al-Shaybani al-Jazari (d. 630 AH / 1232 AD), 1994, Al-Kamil fi al-Tarikh, vol. 12, Dar Al-Ahyaw Al-Turath Al-Arabi, Beirut.

Ibn al-Jawzi, Abd al-Rahman ibn Ali (d. 597 AH), 1992, Al-Muntazam fi Tarikh al-Muluk wa al-Umam (The Regular in the History of Kings and Nations), edited by Muhammad Abd al-Qadir Atta and Mustafa Abd al-Qadir Atta, Dar al-Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Ibn al-Adim, Umar ibn Ahmad (d. 660 AH), 2006, Zubdat al-Halab min Tarikh Halab (The Essence of Aleppo from the History of Aleppo), 2nd ed., edited by Sami al-Dahhan, Damascus.

Ibn al-Qalanisi, Abu Ya'la Hamza (d. 555 AH/1116 CE), 1908, Dhayl Tarikh Dimashq (Supplement to the History of Damascus), Jesuit Fathers Press, no place of publication.

Ibn Khaldun, Abd al-Rahman ibn Muhammad (d. 808 AH/1405 CE), 1979, Tarikh Ibn Khaldun (The History of Ibn Khaldun), Jamal Printing and Publishing Foundation, Beirut. Ibn Shaddad, Baha' al-Din (d. 632 AH), 2000, Al-Nawadir al-Sultaniyya wa al-Muhasaba al-Yusufiyya, edited by Muhammad al-Rakhawi, Dar al-Manar, Cairo.

Ibn Kathir, Imad al-Din Ismail ibn Umar (d. 774 AH), 1998, Idaya wa al-Nihaya, edited by Abdullah ibn Muhsin al-Tawli, no publisher.

Usama ibn Munqidh: Abu Muzaffar Murshid ibn Ali ibn Muqallad ibn al-Nasr al-Kinani al-Kalbi al-Shayzari (d. 584 AH/1188 CE), Al-I'tibar, edited by Philip Hitti, Dar al-Hilal.

Raymond de Saint-Gilles (d. 499 AH/1105 CE): Tarikh al-Faranja, 1995, vol. 6, from Al-Mawsu'a al-Shamila fi Tarikh al-Hurub al-Salibiyya, compiled, edited, and translated by Suhayl Zakkar, Dar al-Fikr, Damascus. Sibt Ibn al-Jawzi, Yusuf (d. 654 AH), 1987, Mir'at al-Zaman fi Tarikh al-A'yan (Mirror of Time in the History of Notables), edited by Musfir al-Ghamdi, Saudi Arabia,

Umm al-Qura University, Institute of Scientific Research and Revival of Islamic Heritage, Center for the Revival of Islamic Heritage, Makkah, 1987.

Fouché of Chartres (d. 521 AH/1127 CE), 1990, Tarikh al-Hamla ila Quds (History of the Campaign to Jerusalem), translated by Zayd al-Asali, Dar al-Shuruq, Amman.

Al-Qalqashandi, Abu al-Abbas Ahmad ibn Ali (d. 821 AH/1418 CE), 1987, Sub' al-A'sha fi Sina'at al-Insha' (The Blind Man's Guide to the Art of Composition), analysis by Nabil Khatib, vol. 5, Dar Kutub al-'Ilmiyya, Beirut.

Al-Maqrizi, Ahmad ibn Ali (d. 845 AH), 1973, Al-Suluk li-Ma'rifat Duwal al-Muluk (The Path to Knowledge of the Dynasties of Kings), edited by Muhammad Mustafa Ziyada and Sa'id Abd al-Fattah Ashur, Committee for Authorship, Translation, and Publication, Cairo. Al-Maqrizi, Taqi al-Din Ahmad ibn Ali (d. 845 AH/1441 CE), 1997, Al-Khitat, edited by Muhammad Zaynham and Mayha al-Sharqawi, Dar Maktabat Madbouli, Cairo.

Anonymous author, 1958, The Deeds of the Franks and Pilgrims to Jerusalem, written around 489-493 AH/1095-1099 CE, translated by Hassan Habashi, Cairo.

William of Tyre (d. 582 AH/1186 CE), 2003, A History of the Crusades, translated by Suhayl Zakkar, Dar al-Fikr, Beirut.

John Würzburgh (d. 525 AH/1130 CE), 1997, A Description of the Holy Land in Palestine, translated by Saeed al-Bishawi, Dar al-Shuruq, Amman. What is the meaning of the Kurdish language?

Ibn Khaldun: Abdul Rahman bin Muhammad (d. 808 AH / 1405 AD) 2016, presented by Ibn Khaldun, and. Saeed Bashir, B1, Ch1, Chapkhani Gang .

Fariqi: Abu Nasr ibn Asadi Fariqi (d. 487 AH / 1094 AD), 2007, Mayyafariqin and Aamid, and. Qadir Muhammad Pashdari, Akbarhan, 1, Chapkhani Manar, Heller.

PINJIM: The story of a new song was in Arabic in the past.

Babiri: Hakim Abdul Rahman 2010, The Ayyubid State According to Ibn Khaldun's State, published by the Kurdish Academy, Erbil.

Al-Bawa'na: Lyy 2007, The Role of Muslim Scholars in Resisting the Invasion and Frankism of the Islamic East, Al-Yazouri Press, Amman.

Thomas Mastnak, 2003, Crusader Peace, translated by: Bashir Al-Sibai, Supreme Council of Culture, Cairo.

Tayseer Bin Musa, 1983, An Arab Look at the Frankish Conquests from the Beginning of the Crusades until the Death of Nur al-Din, Arab Book House.

Jassim: Abbas Ajel, 2010, Opinions of Muslim Historians on the Crusades, 1st edition, Dar Al-Maktabah Al-Bassair, Beirut, Lebanon.

Hitti, Philip, without a year, the history of Lebanon since the historical times, our time is present, see: Anis Freiha, House of Culture, Beirut.

Hassan: Qadir Muhammad, Without Sunnah, The Contributions of the Kurds to Islamic Civilization, 1st edition, Haj Hashem Press, Erbil .

Al-Hussein: Qusay, 2005, Arab Civilization, the Fatimid and Ayyubid Era, 1st edition, Dar Al-Muktin Al-Hilal, Beirut.

Al-Huwairi, Mahmoud Muhammad, 1992, Building the United Islamic Front and its Impact in Confronting the Crusaders, Dar Al-Maaref, Cairo.

Renciman, Stephen, 1967, History of the Crusades, translated by: Al-Baz Al-Arini, House of Culture, Beirut.

Sayulf, 1997, The Pilgrimage of Sayulf to Jerusalem and the Holy Land 1102-1103, translated by Saeed Al-Bishawi, Dar Al-Shorouk, Amman.

Spano, no publication date, The Pilgrimage to Jerusalem, collection, translation, and analysis, no place of publication.

Saeed Al-Hariri, 1985, Sunni News in the Crusades, Arab Media, 3rd edition, Cairo.

Smith, Jonathan Reilly, 1979, The Hospitallers of St. John, Jerusalem and the Holy City, translated by Brigadier General Subhi Al-Jabi, Dar Talas for Printing and Publishing, Damascus.

Al-Salabi, Ali Muhammad, 2009, The Fatimid State, Hassan Al-Asriya Library, Beirut. Ashour: Saeed Abdel Fattah, 1958, The Crusade Movement - A Bright Page from the History of Arab Jihad in the Middle Ages, Anglo-Egyptian Library, 4th edition, Cairo .

Al-Afifi: Abdul-Hakim, 2000, Encyclopedia (1000), Madinat Al-Islamiyya, 1st edition, Aura Qashqiyah, Beirut, Lebanon .

Imran: Mahmoud Saeed, 1999, History of the Crusades 1095-1291 AD, 2nd edition, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut.,

Qasim: Qasim Abdo, 1993, What are the Crusades, D. M.: Ain Human and Social Studies .

Muhammad: Ako Burhan, 2012, Cultural Life in Diyarbakir in the Abbasid Era, Haj Hashem Press, Erbil .

Al-Matwi: Muhammad Al-Arousi, 1982, The Crusades in the East and the West, 2nd edition, Dar Al-Gharb Al-Islami, Tunisia .

Discussion: Zaki, 1958, Social, cultural, and economic relations between Arabs and Franks during the Crusades, Dar Al-Kitab Al-Bannani.

Sixth: New sources in Kurdish

Bronn: Jeffrey Bronn, 2009, Summary of European History from Ancient Times to the Present, ed. Nihad Jalal Habibullah, Vol. 1, Roshnbir Printing House.

Taqush: Mohammed Sohail Taqush, 2009, Summary of Islamic History, p. Nihad Jalal Habibullah, Ch1 Roshnbir Printing House, Lebanon.

Tawfiq: Mohammed Hussein Tawfiq, Abdul Amir Mohammed Amin, 2013, European Civilization in the Middle Ages, p. Mustafa Saeed Ali, Ch1, Chawarchra Printing House, Sulaimani.

Ranjiyar: Ahmad Hama Amin, 2011, Salahuddin al-Din al-Ayyubi among Kurdish historians (Sharafkhan and others), Narin Printing House.

Zainal: Aras Fariq, 2011, History of the Crusades, Vol. 1, Paywand Printing House, Sulaimani,.

Salama: Osama, 2016, Decisive Wars in History, Saeed Bashir, Vol. 1, Ganj Press.

Shakir: Mahmoud, 2011, Summary of the History of Civilizations, p. Musa Mohammed Abdul Rahman, B2, Ch1, Ganj Printing House.

Siddiq: Zrar, 2010., Kurds and Kurdistan in the Abbasid Caliphate, Vol. 1, Eastern Printing House, Erbil.

Louis: Bernard, 2014 , Middle East, w. Abdullah Rasuli, Ch1, Chawar Chira Printing House, Sulaimani.

Mohammed: Abbas Omar, 2010, History of the Ayyubid Kurds, Vol.

Azad: Keywan, 2013, History of Europe in the Middle Ages, Vol. 1, Chawarchra Printing House, Sulaimani.

Yousef: Abdul Qadir Ahmad, 2012, History of the Middle Ages in Europe (476-1500), p. Shanaz Ramzi, Vol. 1, Rshenma Printing House, Sulaimani.

Seventh: Master's Degree

Abdulrahman: Susan Faisal, 2010, The Seventh Campaign of the Crusaders (647-648 AD/1249-1250 AD) ...Master's Thesis (unpublished), Raperin University.

Wafa Shabo, Amira Buzhair, 2023, (Master's Thesis) The Impact of the Islamic Crusade in Syria on Social and Religious Life 5-6K|11-12M, Qalam University, Algeria.